نەوژین

ژمارە (٣٦) تشرینی دووەمی ٢٠١٩

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات



سواڵکردن.. فێربون یان ناچاری؟

3««

# گەرمیان، ساڵێک بە بێ ژن کوشتن

## چالاکوانان: توندوتیژی دەرونی جێگەی توندوتیژی جەستەیی گرتوەتەوە



■ نەوژین

**بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لەگەرمیان ئاشکرای دەکات لەماوەی نێوان ساڵیادی رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە پارساڵ و ئەمساڵدا، هیچ حاڵەتێکی ژن کوشتن و خۆکوشتنی ژنان لە سنوری گەرمیان دا تۆمار نەکراوە.**

٢٥ی نۆڤەمبەر، لەلایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە بە رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەستنیشان کراوە، لەم رۆژەشدا سەرباری چالاکی جۆراوجۆری پەیوەست بە توندوتیژی دژ بە ژنان و بەرەنگاربونەوەی، ئاماری تایبەت لەبارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان بڵاودەکرێتەوە.

ئەمساڵ بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی و ئافرەتان لەگەرمیان، ئامارێکی وردی لەبارەی حاڵەتەکانەوە رانەگەیاند، بەڵام وەکخۆیان هێمای بۆ دەکەن، هیچ حاڵەتێکی ژن کوشتن تۆمار نەکراوە.

رائید: فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی و ئافرەتان لەگەرمیان، بە (نەوژین)ی وت: ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی کوشتنی ژنان و خۆکوشتنی ژنان تۆمار نەکراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد حاڵەتەکانی تۆمارکردنی سکاڵای دژ بە توندوتیژی و پێشێلکاریەکان زیادی کردوە، بەڵام بە وردی ئاماژەی بە ژمارە و رێژەی سکاڵاکان نەدا.

لایخۆشیانەوە چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە رەوشی توندوتیژیەکانی دژ بە ژنان لە هەندێک روەوە لەگەرمیان باشتر بوە، بەڵام هێشتا ئالەنگاریی و پێشێلکاریی زۆر ماوە.

لەمیانەی مێزگردێکی یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤی سەر بە رادیۆی دەنگ کە بۆ ١٠ ژنی چالاکوانی بواری ژنان رێکیخستبو، بەشداران ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە لەروی حاڵەتە قورسەکانی توندوتیژی وەکو کوشتن و خۆکوشتن، گەرمیان هەنگاوێکی باش لەمساڵدا چوەتە پێشەوە، بەڵام لە بواری تر دا کێشەی زۆر هەیە.

لەو مێزگردەدا کە پوختەکەی لەلاپەڕە (٦ و ٧)ی ئەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، ژنانی چالاکوان ئاماژەیان بەوەکردوە کە توندوتیژی دەرونی، جێگەی توندوتیژی جەستەیی گرتوەتەوە، هەروەک باسیشیان لەو بەرەوپێشەوەچونانە کردوە کە لە هەندێک بواردا هاتوەتە ئاراوە، بەڵام لەوانیشدا رێگری هەیە.



دوای هاوسەرگیریش دەگەڕێنەوە خوێندن

2««



«تەنها لەبەرئەوەی کچین، ناهێڵن وەرزش بکەین»

5««

# ئەو کەسانە ئاشکرا دەکرێن کە لە لایەن ژنانەوە سکاڵای توندوتیژیان لە دژ دەکرێت

■ نەوژین

**چالاکوانان داوا دەکەن هاوشێوەی بڵاوکردنەوەی ئاماری ژمارەی قوربانیانی توندوتیژی، ژمارەی ئەو کەسانەش بڵاوبکرێتەوە کە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکەن و یاسا لێپێچینەوەیان لەگەڵ دا دەکات، وتەبێژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانیش دەڵێت: بڕیار لەسەر ئەو بابەتە دراوە.**

ڤیان سابر، چالاکی بواری مافەکانی ژنان، بە (نەوژین)ی وت: لە کۆبونەوەمان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی حێزانی گەرمیان، داوامان کردوە وەکچۆن ئاماری ژمارەی قوربانیانی توندوتیژی دژ بە ژنان بڵاودەکرێتەوە، ئاماری ژمارەی ئەو کەسانەشی کە توندوتیژیان کردوە و یاسا لێپێچینەوەی لەگەڵ کردون، بڵاوبکرێتەوە.

ئەمەیشی بەستەوە بەوەی بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بزانن تاچەند لێپێچینەوە دەکرێت و کەیسەکانی توندوتیژی بە ئەنجام دەگەیەنرێن.

لەبەرامبەریشدا رائید: فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزان و ئافرەتان لە گەرمیان، بە (نەوژین)ی راگەیاند: لەکۆتا کۆبونەوەی ئەنجومەنی دادوەریی بڕیاردراوە بۆ لەمەودوا ئەو کەسانەی کە سزادەدرێن بە هۆی سکاڵای ژنانەوە لە بەرامبەر توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانیان، مانگانە لە دادگاکانی کەتن و تێهەڵچونەوە ئامارەکانیان بۆ ئێمە بنێردرێت.

وتیشی: «بەمشێویە دەتوانین بزانین مانگانە چەند کەس لە ئەنجامی سکاڵاکردنی ژنان سزادەدرێن و سزاکانیان بە پێی یاساکان چۆنە».

ساڵانە بە پێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتیەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی، سەدان ژن سکاڵای جۆربە جۆر تۆمار دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ ئامارێک لە بارەی سزادانی ئەو کەسانە بڵاو نەکراوەتەوە کە ژنان سکاڵایان لەسەر تۆمار کردون.



«حاشور» چیە و سود و زیانی چیە؟

10««

# دوای هاوسەرگیریش دەگەڕێنەوە خوێندن



> هاوسەرەکەم پاڵپشتێکی باش و یارمەتیدەرێکی تەواومە

> خەڵکی دەیانەوێت ساردم بکەنەوە لە خوێندن

■ نەوژین، ئامینە محەمەد

**کە دەوامی ئێواران لە زانکۆی گەرمیان دەستپێدەکات، لەو کاتەی دەستە دەستە فێرخوازان رو لە هۆڵەکانی وانەوەرگرتن دەکەن، دیمەنی بونی ژنانێک کە بە روخساریانەوە دیارە بەتەمەنترن لە خوێندکارانی دیکەی زانکۆ، سەرنجت رادەکێشێت. ئەوان ئەو فێرخوازانەن کە پاش هاوسەرگیری و بونە دایکیش، خەونی بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵاتریان وەلا نەناوە.**

لەگەڵ کردنەوەی بەشەکانی خوێندنی ئێواران، ژمارەیەکی بەرچاو لە فێرخوازان و بەتایبەتی مامۆستایان ئەوانەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان نیە، رویان لە خوێندنی زانکۆ کردوە، لەنێو ئەوانیشدا رێژەیەکی بەرچاو لە فەرمانبەران و مامۆستایانی ژن هەیە، بەشێکی بەرچاویشیان ئەوانەن کە هاوسەرگیرییان کردوە.

ئەوان باس لەوە دەکەن، بە گڕوتین و پەرۆشیەکی زۆرەوە دوبارە گەڕاونەتەوە هۆڵەکانی خوێندن.

شەیما عەبدوڵڵا، ٤١ ساڵ، خوێندکاری قۆناغی سێی زمانی ئینگلیزییە و خاوەنی ٤ منالە، بەهۆی هەندێک بارودۆخەوە دابڕاوە و پاش تەواوکردنی پەیمانگا، جارێکی تر روی لە خوێندن کردوە ئەمجارەیان لە زانکۆ.

وتی: ئامانجم لە خوێندن بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و بون بە مامۆستایە لە زانکۆ، لەخوا بەزیاد ئێستا ئاستم زۆر باشە و هەوڵی بەردەوامیش دەدەم.

بەشێکی تر لەو ژنانە، سەرباری ئەرکی ماڵ و بەخێوکردنی منال، کاتی بەیانیانیش دەوام دەکەن.

سەیران عەلی، ٣٠ ساڵ، خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەی ئێوارانە لە زانکۆی گەرمیان، باس لەوەدەکات بەیانیان لە فەرمانگە دەوامی هەیە و دوانیوەڕوان دێت بۆ خوێندن، ئەمەش وایکردوە کاتی زۆر کەم بێت «بەمهۆیەوە کاتم زۆر کەمبوەتەوە، تەنانەت جاری وا هەیە فریای نانخواردنیش ناکەوم».

ئەو ژنانە باس لەوەدەکەن پاڵپشتی و هاوکارییەکانی هاوسەر و خێزانەکانیان بەگشتی وایکردوە کارەکەیان چەندیش سەخت بێت، بەڵام بتوانن بە ئەنجامی بگەیەنن.

(سەیران) لەوبارەیەوە وتی: «هاوسەرەکەم پاڵپشتێکی باش و یارمەتیدەرێکی تەواومە لە ئەرکەکانم».

(تارا)ش کە تەمەنی ٤٠ ساڵە و خوێندکارێکی تری ئەو کۆلێژەیە، باس لەوەدەکات ئەگەر پشتیوانی هاوسەرەکەی نەبوایە، ئەوا زەحمەت بو بتوانێت ئەم هەنگاوە بنێت «بەهۆی منالەکانمەوە بەرپرسیارێتی قورسم لەسەر شانە، بەڵام هاوسەرەکەم ئەو بارەی بۆ سوک کردوم».

خوێندنی ژنان لەپاڵ ئەرکی کارکردن و هەروەها بەخێوکردنی منال دا، وا بەئاسانی تێنەپەڕیوە.

لاولاو مستەفا، ٢٦ ساڵ، خوێندکاری بەشی ئینگلیزی کۆلێژی پەروەردەی ئێوارانە لە زانکۆی گەرمیان، باس لەوەدەکات هەرچەندە کارکردن و خوێندن و ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ لە یەک کاتدا سەختە، بەڵام وەکخۆی وتی: «ئەگەر ئامانجێکی دیاری کراوت هەبێت، گوێ بە ماندوێتی نادەیت، چونکە ئومێد هێز بە مرۆڤ دەبەخشێت».

هەندێکجاریش ئەو ژنانە لەپاڵ گرفتەکانی تر، روبەڕوی قسەی دڵشکێنەر و توانج دەبنەوە.

شەیما، لەوبارەوە وتی: خەڵکی زۆر قسە دەکەن و دەیانەوێت ساردم بکەنەوە لە خوێندن، بەڵام هەرگیز گوێ بەو قسانە نادەم، چونکە وەک وتراوە «خەڵکی بەرد لە شەمەندەفەری وەستاو ناگرن».

لە دەوامی ئێوارانی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان کە سێ بەشی تێدایە، (٨٥) خوێندکار لە رەگەزی مێن، (١٩) لەوان هاوسەرگیریان کردوە.

مامۆستا و لێپرسراوانی زانکۆش، دڵخۆشن بەو گرنگیپێدانەی کە ژنان هەیانە بۆ خوێندنی زانکۆیی.

ئاڵا عومەر، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «بەشداریکردنی ژنان و کچان دڵخۆشکەرە، هەرمێینەیەک هەوڵی هەرکارێک بدات بۆ گەشتن بە ئابوریەکی سەربەخۆ لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا، من سەپۆرتی ئەکەم».

ئەوەی مایەی تێبینیە کە زیاتر لە توێژەکانی تر، ژنانی خێزاندار لە خوێندنەکەیان دا دەکۆشن و چاویان لە بەدەستهێنانی پلەی بەرز ترە.

سالار مەحمود، سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی پەروەردەی ئێوارانی زانکۆی گەرمیان، جەخت لەم قسەیە دەکاتە و دەڵێت: ئاستی فێرخوازە کچەکانی زمانی ئینگلیزی باڵایە و ساڵی پار یەکەمی هەردو قۆناغەکە لە رەگەزی مێ بون و خێزانداریش بون.

## لێپرسراوی هۆبەی دەرونی لە نەخۆشخانەی ژنان و منالبونی کەلار:

# ژنان جیاواز لە جاران گرنگیی بە لایەنی دەرونیان دەدەن

■ نەوژین، خۆشبین جەلال

**لێپرسراوی هۆبەی دەرونی لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون لە کەلار، ئاماژە بەوەدەکات لایەنی دەرونی بۆ ژنان زۆرگرنگە و بەتایبەتی لەکاتی دوگیانی، بە گەشبینیشەوە باس لەوەدەکات ئێستا ژنان زیاتر لە جاران گرنگیی بەم لایەنە دەدەن.**

سەیران محەمەد، لەمیانەی دیدارێکی (نەوژین) دا، باس لە ئیشوکاری هۆبەکەیان دەکات و هاوکات ئەو کێشە و گرفتە دەرونیانەش دەخاتەڕو کە ژنان بەگشتی روبەڕوی دەبنەوە.

* ئیشوکاری هۆبەکەتان چیە؟

ئیشی ئێمە پێدانی زانیاریە دەربارەی نەخۆشیە دەرونیەکان و رێنمایی کردنی ژنانە بۆ ئەوەی لەکاتی بونی حاڵەتێکی لەو شێوەیە سەردانمان بکەن و راوێژمان پێ بکەن تاوەکو چارەسەریان بکەین.

* چۆن هاوکاری ئەو کەسانە دەکەن کە سەردانتان دەکەن؟

رۆژانە بەسەر ژورەکاندا دەگەڕێین و سیمینار ئەنجام دەدەین تا شێوازی کارکردنی هۆبەکەیان بۆ رون بکەینەوە، هەفتانەش جەلسە بۆ نەخۆشەکان دەکەین، ماوەی چاکبونەوە دەکەوێتە سەر خودی ژنەکە، رەنگە بەچەند مانگێک باش ببێت یاخود ساڵێک یان زیاتر بخایەنێت.

*هەمو کەسێک رێگە پێدراوە سەردانی هۆبەکەتان بکات؟

بەڵی، ژنان لەهەمو چین و توێژ و هەمو ئاست و تەمەنێک دەتوانن سەردانمان بکەن.

* رێژەی سەردانیکەرانتان چۆنە؟

ساڵی رابردو ١٣٥٩ کەس سەردانی کردوین، رێژەکەش لەمساڵدا روی لەزیاد بون کردوە، بەڵام هێشتا ئاماری کۆتایمان ئامادە نیە.

*دیارترین ئەو کێشە دەرونیانەی روبەڕوی ژنان دەبنەوە چین؟

دیارترینیان کێشەی خێزانی یاخود کێشەی کۆمەڵایەتی و خەمۆکی دوای منال بونن، ئەمانە کار لەسەر دەرونی ژن دەکەن و وای لێدەکات دەرونی نا ئارام بێت.

* تاچەند بابەتی تەندروستی دەرونی لەلای ژنان بایەخی پێدراوە؟

بەهۆی هۆشیاربونەوەی کۆمەڵگە، لەجاران زیاتر گرنگی بە تەندروستی دەرونی ژن دەدرێت، ئێستا ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگی بەتەندروستی خۆیان دەدەن و سەردانمان دەکەن.

* تاچەند گرنگە ژنان سەردانتان بکەن و راوێژتان پێبکەن؟

زۆر زۆر گرنگە کە ژنان سەردانمان بکەن، لەهەموی گرنگتر ئەوەیە متمانەمان پێ بکەن و دڵنیابن لەوەی کە نهێنیان پارێزراو دەبێت، تاکو بتوانین هاوکاریان بکەین و رێنماییان پێ بدەین.

*قسەیەک هەیە بەوەی زۆربەی ئەو ژنانەی دێنە لای پزیشک نەخۆشی جەستەییان نیە، بەڵکو نەخۆشی و کێشەی دەرونییان هەیە، رای تۆ چیە؟

ژنان فشاریان زۆر لەسەرە ئەمەیش کاریگەری دەرونییان لەسەر دروست دەکات، ئەمەش هۆکاری زۆری لەپشتە، بەهۆی کێشەی خێزانی و لێکتێنەگەیشتنی نێوان ژن و مێرد یان خراپی لایەنی مادی و ترس و قەلەقی و بیرکردنەوەی زۆر، ئەمانە سەرچاوەی تێکدانی دەرونی ژنانن کە روبەڕویان دەبێتەوە.

*بۆ ژنانی دوگیان بایەخدان بە لایەنی دەرونی تاچەند گرنگە؟

ژن لەماوەی دوگیانیدا هۆرمۆناتی تێک دەچێت، کاتێک لەڕوی جەستەییەوە کێشەی هەبو ئەمەیش توشی حاڵەتی دەرونی دەکات و کار لەسەر دوگیانی و منالەکەی دەکات، بۆیە پێویستی یەکەم لە ژنی دوگیاندا چارەسەر کردن و پاراستنی لایەنی دەرونیەتی.

*مرۆڤ چۆن توشی نەخۆشی دەرونی دەبێت؟

هۆکار زۆرە بۆ توشبون بە نەخۆشی دەرونی، رەنگە زۆرجار بۆماوەیی بێت یان ناحاڵی بون لەنەخۆشی دەرونی کەبەدوای چارەسەردا ناگەڕێن هۆکار بێت، هەروەها ترس و شەرم کردن ئەمانە بەسەر کەسەکەدا زاڵ دەبن و چارەسەرکردن پشتگوێ دەخەن، کە ئەمەش بەداخەوە هەندێکجار سەردەکێشێت بۆ حاڵەتی نەخوازراوی وەکو خۆکوشتن.



نەوژین بەدواداچون بۆ پرسی ژنانی «سواڵکەر» دەکات

# سواڵکردن.. فێربون یان ناچاری؟



▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**(ئامینە) بە چیچکانەوە لە کۆتایی یەکێک لە کۆڵانەکانی ناوبازاڕی شاری کەلار دانیشتبو، دەستی بەروی خەڵکی دا پان کردبویەوە و داوای دەکرد خێری پێبکەن.**

دیمەنی ئەم ژنە «سواڵکەرە» لە بازاڕی شار و شارۆچەکەکان دا نامۆ نیە، بەڵکو بازاڕەکان پڕن لەو کەسانەی کە بە سواڵکەر ناودەبرێن، لەنێویشیاندا ژنان ڕێژەیەکی بەرچاو پێکدێنن.

لەبارەی ئەم کارەوە، قسەو باس زۆر دەکرێت، هەیە بە کەسانی کەمدەست و هەژار دەیانبینێت، هەشە پێیوایە هەژار نین و سواڵکردنیان کردوەتە پیشە، بەڵام هەتائێستا ئەوەی کەمتر لەم بارەیەوە قسەی کردوە، خودی ژنانی سواڵکەرە.

(نەوژین) لە بەدواداچونێکدا بەسەرهاتی ئەو ژنانە دەگێڕێتەوە کە لەناو بازاڕی کەلار دا کاری سواڵکردن ئەنجام دەدەن.

### «١٥ ساڵە ئەم کارە دەکەم»

ئامینە، تەمەنی ٥٥ ساڵە و خەڵکی ناوچەی شارەزورە، هەمو هەفتەیەک لەگەڵ هاوڕێکانی دا دێت بۆ قەزای کەلار و ماڵان و بازاڕەکانی شارەکە دەگەڕێت بۆ سواڵکردن و کۆکردنەوەی پارە.

ئەو بەوتەی خۆی، ئەمە ١٥ ساڵە ئەو کارە دەکات.

ئاماژەی بەوەکرد کە خاوەنی ٩ منالە (٦ کچ و ٣ کوڕ)، لە هەفتەکەدا جارێک دەڕواتەوە بۆ ماڵەوە، منالەکانی لای براکەی دادەنێت و خۆیشی لەگەڵ هاوڕێکانی دا بە پاس دێت بۆ کەلار بۆ سواڵکردن.

وتی: «شەوان دەڕۆم بۆ خانەقین لەئوتێلی خانەقین دەمێنمەوە، ڕۆژانەش دێم بۆ بازاڕ و دەست بە کارکردن دەکەم و نزیک شەو دەگەڕێمەوە بۆ ئوتێل».

### «ڕۆژی ١٥ هەزارم دەستدەکەوێت»

سەبارەت بە پیشەکەی فێر بونە یاخود ناچاری؟ (ئامینە) بە ڕاشکاویی وەڵامی دایەوە کە وەکو پیشەیەک ئەو کارە دەکات.

لەوبارەوە وتی: «فێری ئەم ئیشە بوم، بۆ بژێویمان باشە، ڕۆژانە ١٥ بۆ ٢٠ هەزار دەردەکەم و شوکری خوا دەکەم، هەر کاتێک ڕۆشتمەوە بۆ ماڵەوە کرێ خانو و مەسروفی منالەکانم دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە».

> ڕۆژانە ١٥ بۆ ٢٠ هەزار دەردەکەم

### «سواڵکردنم ناچاریە»

سوهەیبە، ژنێکی ترە کە هەر لە بازاڕی شاری کەلار دا سواڵ دەکات. ئەو تەمەنی ٤٥ ساڵە و ماوەی ١٠ ساڵە ئەم کارە دەکات.

وەکخۆی هێمای بۆ کرد، بێوەژنە و خاوەنی ٣ منالە. بۆ (نەوژین) وتی: «مێردەکەم مردوە، منیش توانای ئیشی ترم نیە، بۆیە ئەم کارە دەکەم، خەڵکیش هاوکارمانن».

جەختیشیکردەوە کە ناتوانێت واز لەم «پیشەیە« بهێنێت و کاری تر بکات.

### «پۆلیس بەدوامانەوەیە»

حاڵەتەکانی گرتن و ڕاوەدونانی سواڵکەرەکان، لە حاڵەتە بەرچاوەکانن، ئەوانەی ئەو کارە دەکەن باس لەوە دەکەن بە بەردەوام دەستگیر دەکرێن لەلایەن پۆلیسەوە.

سوهەیبە، لەوبارەوە وتی: «تەنیا لەمساڵ دا زیاد لە ١٠ جار کەلەپچە کراوەتە دەستم و براوم بۆ زیندان، لەوێ وەرەقەمان پێ پڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم ئیشە نەکەین، دواتر ئازادمان دەکەن، ئێمەش دەگەڕێینەوە سەر ئیشەکەمان».

بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، لە ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵ دا لە سنورەکە، ٧ کەس بە تۆمەتی سواڵکردن دەستگیر کراون، چوار لەوانە پیاو و سیانیشیان ژن بون، ئەم ڕێژەیەش لەچاو ساڵی پار زیاتر بوە، لەو ساڵەدا ٤ سواڵکەر دەستگیر کراون (٣ پیاو و یەک ژن).

### بەناوی هەژارییەوە خەڵک فریو دەدەن

ڕای هاوڵاتیان لەبارەی سروشتی کاری سواڵکەرەکانەوە جیاوازە، بەڵام بەگشتی لەئێستادا ئاراستەکە بەوە دەچێت کە کارەکەیان وەک پیشە دەبینن تا وەکو ناچاریەک، هەشە باس لە «ڕەفتاری خراپی» هەندێک لەو سواڵکەرانە دەکات.

شەیما، ژنێکی دانیشتوی یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری کەلارە، باس لەوەدەکات ڕۆژێک لەکاتی سەردانیکردنی دو ژنی سواڵکەر بۆ ماڵەکەی، بەزەیی پێداهاتونەتەوە و بردونیەتە ماڵەوە، بەڵام ئەوان فرسەتیان هێناوە و دزیان لێکردون.

«کاتێک بە هۆش هاتمەوە هەمو ماڵەکەمیان تێک دابو، بڕێک پارەیان دزی بو، بەڵام پۆلیسمان لە ڕوداوەکە ئاگادار نەکردەوە، نەمانویست خەڵک بزانێت». (شەیما) وای وت.

وادیارە ئەم حاڵەتەی لە (شەیما) قەوماوە، تەنیا حاڵەت نیە، چونکە وەک وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان ئاماژەی بۆ کرد، لەمساڵدا حاڵەتی تری هاوشێوە هەبوە.

### بەناوی سواڵکەریەوە خاوەن ماڵیان بێهۆش کردوە

عەلی جەمال قەدوریی، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، بۆ (نەوژین) ئەوەی ڕونکردەوە، حاڵەتی وەها هەبوە کە سواڵکەرەکان هەستاون بە بێهۆشکردنی خاوەن ماڵەکان و دزیکردن لێیان.

وتی: «پیاوان و ژنان لە ماڵەکان دا گەڕاون بە ناوی سواڵکردنەوە، بەڵام دزیان کردوە، بە بەکارهێنانی دەرمانی بێهۆشکردن و خەواندن، خاوەن ماڵیان لە هۆش بردوە و دزی خۆیان کردوە».

> ئەمانە لە منالّیەوە فێری سواڵکردن کراون

### پۆلیس: دەستگیریان دەکەین

وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە لە هەرکوێ سواڵکەرەکان ببینن دەستگیریان دەکەن.

عەلی جەمال، وتی: «لەهەر کوێ سواڵکەر ببینرێت لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت و دەنێردرێتەوە بۆ شاری خۆی یان دور دەخرێنەوە لە شار، ئەمەش دوای پڕکردنەوەی بەڵێننامە کە تیایدا بەڵێنی وازهێنان بدات لەم ئیشە».

### توێژەرێک: ئارامی تێکدەدەن

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ڕایوایە بونی دیاردەی سواڵکردن، کاریگەریی دەبێت لەسەر ئارامی کۆمەڵگا.

چۆمان ئەحمەد، توێژەری کۆمەڵایەتی، بۆ (نەوژین) وتی: «ئەمانە لە منالّیەوە فێرکراون و بەلایانەوە ئاساییە دەست بۆ خەڵک ڕابکێشن و داوای سواڵ بکەن».

وتیشی: چەندین ڕوداوی دزی کردن و دەستدرێژی کردنە سەر خاوەن ماڵ لە لایەن سواڵکەرەکانەوە ڕوی داوە.

### شەرع چی دەڵێت؟

زۆرێک لە سواڵکەرەکان، لەکارەکەیان دا سۆزی ئاینی خەڵکی دەجوڵێنن و هانیان دەدەن بۆ ئەوەی خێریان پێبکەن و پارەیان پێبدەن و هاوکاریان بکەن.

لەبارەی ئەوەی شەرع و بەتایبەتی ئاینی ئیسلام لەمبارەیەوە چۆن دەدوێت، م. ئەحمەد وەرتی، مامۆستای ئاینی، ڕونکردنەوە بۆ (نەوژین) دەدات.

وتی: «لە ڕوی ئاینیەوە سواڵکردن ڕێگە پێدراوە ئەگەر پێویست بێت».

زیاتر ڕونیکردەوە: سواڵکردن ئەگەر بێتو کەسەکە پێویستی پێی بێت، ئەوا شتێکی ئاساییە، بەڵام نەک بەو جۆرەی ئێستا بوە بە دیاردە و لەناو کۆڵان و بازاڕەکان ئەوەی پێویستی پێبێت و پێویستی پێنەبێت، سواڵ بکات.

وتیشی: «ساڵی ٢٠١٢ پرۆژە یاسایەکمان پێشکەش بە پەرلەمان کرد، تیایدا داوامان کردبو ئەو سواڵکەرانە ئیشێکیان بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی واز لەم کارە بهێنن، بەڵام یاساکە پەسەند نەکرا و فەشەلی هێنا».

### سواڵکردن تاوانە

لەیاسا کارپێکراوەکانی عێراق و کوردستان دا، سواڵکردن وەکو تاوان هەژمار کراوە و سزای بۆ دیارییکراوە.

دلشاد محەمەد، پارێزەر، لەمبارەیەوە ڕونکردنەوەی بۆ (نەوژین) خستەڕو: بەپێی یاسای ژمارە ١١١، مادەی ٣٩٠ و ٣٩١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، سزای بۆ سواڵکردن دیارییکردوە.

ئەو پارێزەرە وتیشی: «لەمادەی ٣٩٠ دا هاتوە ئەگەر سواڵکەرەکە تەمەنی سەرو ١٨ ساڵ بو و سواڵکردنەکەی شەرعی بو و لە شوێنی گونجاو بو، سزاکەی یەک مانگ بەندکردنە، بەڵام ئەگەر لە ئەنجامی سواڵکردنەکەدا برینداربون و پێکان ڕویدا سزاکەی ٣ مانگ بەند کردنە».

هەرچی مادەی دواتری ئەو یاسایەشە، وەکو پارێزەر (دڵشاد محەمەد) خستیەڕو، تیایدا هاتوە ئەگەر سواڵکەر لەماڵێک یاخود دامودەزگایەک سواڵی کرد و زیانی گەیاند بە شوێنەکە، سزا دەدرێت بە یەک ساڵ بەند کردن.

ئاماژەی بەوەشکرد ئەگەر سواڵکەرەکە تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵ بو، ئەوا بە نەوجەوانان هەژمار دەکرێت و سزا دەدرێت.



## نەرمین عوسمان فەقێ سەعید:

# بەشداری ئافرەتان لەکایەی سیاسی لەگەرمیان کەمی کردوە

■ نەوژین

**ژنە کادیرێکی پێشکەوتوی حزبی شیوعی، باس لەوەدەکات کە بەشداریی ژنان لەکاری سیاسی دا لەگەرمیان پێشتر کارا تر بوە وەک ئێستا، پێیشیوایە هۆکارەکەی رێگرییە کۆمەڵایەتی و نێرسالاریەکانن.**

نەرمین عوسمان فەقێ سەعید، کادیری پێشکەوتوی حزبی شیوعی و ئەندامی پێشوی محەلی گەرمیانی هەمان حزب، لە دیدارێکی (نەوژین) دا باس لە پرسی بەشداریی ژن لەکاری سیاسی دا دەکات لەگەرمیان و پێیوایە بەشداریی کارای ژنان لەم بوارەدا، کارێکی گرنگ و پێویستە.

* بەشداریی ژنان لە کاری حزبی و سیاسی دا لەگەرمیان چۆن دەبینی؟
بەگشتی بەشداری ئافرەتان لەبواری سیاسی دا بە ئاستێکی مامناوەند دەبینم،ساڵانی رابردو ئاستی بەشداریەکە باشتر بو و زۆر ئافرەت هەبون کە چالاک بون و کاریان دەکرد لە بواری سیاسی دا لە گەرمیان، بەڵام ئێستا ئەو چالاک بونە کەمی کردوە، ئەمەش تایبەت نیە بە حزبێکەوە، بەڵکو هەمو حزبەکان کاڵ بونەوەی رۆڵی ئافرەتانیان پێوە دیارە.

* ئەو لاوازیەی کە باست لێوەکرد لە بەشداریی ژنان دا لە بواری سیاسەت دا لە گەرمیان، لە رابردو و ئێستاشدا هەر هەبوە، هۆکارەکەی چیە بە رای تۆ؟
نەخێر من پێموانیە لاوازی هەبوبێت یان ئەو بابەتە لاوازی بێت، بەڵکو بابەتە گرێدراوە بە هەندێک پرسی ترەوە، بەو

سیاسەت بە بەشداریی هەردو رەگەز باشتر ئەنجام دەدرێت

مانایەی ئەگەر دابونەریتی کۆمەڵایەتی و رەگەزی بەرامبەر رێگری نەکەن لە هاتنە پێشەوەی ئافرەتان دا، ئەوا بە هیچ شێوەیەک ئافرەتانیش لاواز نابن لە کار و ئەرکەکانیان دا.

* لەگەڵ ئەم بەشدارییەدا، تاچەند ژنان توانیویانە جێی خۆیان بکەنەوە لە کاری سیاسی دا؟
پێموایە تائاستێکی باش، چونکە ئەو ئافرەتانەی کاری سیاسی دەکەن ئەوانەن کە بە بەردەوامی لەو کارەدا جێی خۆیان کردوەتەوە، وایدەبینم ئافرەتان لەم روەوە کەمتەرخەم نین، چونکە ئافرەت ئەگەر رێگری لە بەردەمی دا نەبێت، دەتوانێت کاری خۆی بکات و رۆڵی هەبێت و لەو ئەرکەیشی دا کەمتەرخەم نابێت.

* زۆرجار لەم بوارەدا رەخنە لە حزبەکان دەگیرێت، واتا دەوترێت ئەوان رۆڵیان لاوازە لەهێنانە پێشەوەی ژنان دا، ئایا رات لەمبارەیەوە چیە و بەتایبەت لەناو حزبی ئێوە تا چەند ئەو



دەرفەت و بوارە رەخسێنراوە؟
بەرای من پەرەدان بە رۆڵی ئافرەتان لەناو حزبەکان دا ئێستا کاڵ بوەتەوە، چونکە جاران لەناو کایەی سیاسی و حزبی دا، بەشداریی ئافرەتان زیاتر بو لە ئێستا.
هەرچی پەیوەندیدارە بە حزبەکەی منیشەوە، ئەوا حزبی شیوعی تاکە حزب بوە کە ئافرەت کاری تێداکردوە لە شاخ و لە رێکخستنەکانی ناو شاریش دا، ئێستاش بواری داوە و کار بە کۆتای ئافرەت دەکات لە هەمو پایەکانی حزبی، بۆ ئەوەی رێژەی ئافرەت زیاتر بێت لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی دا.

* قسەیەک هەیە بەوەی ژنان ناتوانن لەکاری سیاسی دا سەرکەوتو بن، وەک ئەزمونی خۆت تاچەند پێتوایە گونجاوە ژنان کاری سیاسی بکەن و سەرکەوتو بن تیایدا؟
هەر ئافرەتێک حەز و ئارەزوی بۆ هەر کارێک هەبێت سەرکەوتو دەبێت، راستە کاری سیاسی گرانە، بەڵام ئافرەت تاکێکە لەم کۆمەڵگایە و گرنگە کاری سیاسی بکات، چونکە ئەو کارە بە بەشداریی هەردو لا واتا هەردو رەگەز باشتر ئەنجام دەدرێت، بۆیە وای دەبینم کە نەک هەر گرنگیی، بەڵکو پێویستە ئافرەتان کاری سیاسی بکەن شانبەشانی پیاوان، چونکە هەردولا تەواوکەری یەکترن، ئێستا لە هەمو بوارەکانی کارکردن دا ژن و پیاو پێکەوە کار دەکەن.

---

# ژنان لە سیاسەتیش دا روبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە

■ نەوژین

**ئایا تائێستا زانیوتە لەپاڵ جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی دا، ژنان لە گەرمیان و هەرێمی کوردستان روبەڕوی جۆرێکی تر لە توندوتیژی دەبنەوە، کە ئەویش توندوتیژییە سیاسیە؟**

لە هەرکام لەو ژنانە بپرسیت کە لە کایەی سیاسی دا کاردەکەن لەگەرمیان و کوردستان لەبارەی ئاستەنگەکانی بەردەمیان لە کارکردنیان دا لەو کایەیە، ئەوا بێگومان یەکێک لەو خاڵە گرنگ و بنەڕەتیانەی باسی دەکەن، روبەڕوبونەوەی لێشاوی هێرشی مەعنەویی و هەوڵدانە بۆ لێدان و ناوزڕاندنیان.
ئەو ژنانەی لەم بوارەدا کاردەکەن، باس لەوەدەکەن ئەو وێنا کەلتورییەی لە کۆمەڵگادا لە بارەی ژنەوە هەیە، پەڕیوەتەوە بۆ ناو سیاسەتیش، بۆیە ئەوان لەکاتی کارکردنیان دا لەم بوارەدا، روبەڕوی ئاستەنگ دەبنەوە تا دەگات بە توندوتیژی بەرامبەرکردنیان.
شیرین شێخ حسێن، کارگێڕی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە دیدارێکی پێشوی (نەوژین) دا، باس لەوەدەکات کۆمەڵگا بە چاوێکی کەمتر لە پیاو سەیری ژن دەکات، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی ژنان بەشی پێویست نەیەنە ئەم بوارەوە.
دەڵێت: «بێگومان ئاستەنگی زۆر هەبوە، نەک هەر لە ناو حزب، بەڵکو لە هەمو کایەکانی تریش ئاستەنگ هەیە بەتایبەت بۆ ژنان، چونکە ژنان بە پلە دو بینراون و کەم توانا تەماشاکراون».



بەپێی ئامارە فەرمیەکان، ژنان لەسەر ئاستی جیهان دا تەنها ٢,٥٪ی سەرۆک حکومەتەکان و ٦,٦٪ی سەرۆکی وڵاتان و ٢٤٪ی کۆی پارلەمانتارانی جیهان پێکدێنن.
هەرچی هەرێمی کوردستانە، رێژەکە لەنێوان هەڵکشان و داکشان دایە، رەنگە ئێستا باشترین ساتی ژنان بێت لە دەسەڵات دا، کاتێک یەکێک لە سەرۆکی ٣ دەسەڵاتەکەی هەرێم ژنە، هەروەک ٣ وەزیری ژن لە حکومەت دا هەیە، لە پارلەمانیش ٢٥٪ی کورسیەکان بۆ ژنانن.
بەڵام لەگەرمیان رێژەکە هەم سنوردارە، هەم ژنانیش کەمتر هاتونەتە پێشەوە لە کایەی سیاسی دا، کەوایە هۆکارەکەی چیە؟
بەوتەی (شەیما جەمال کوێخا)، ئەندامی دەستەی کارگێڕی و نوێنەری ژنان لەمەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان، «کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی هێشتا نەگەشتونەتە ئەو ئاستەی کە کاری سیاسی بۆ ژنان بە رەوا ببینن».
وتی: بەش بە حاڵی خۆم لە ماوەی کارکردنم لە بواری سیاسەتدا زۆر دژایەتی کراوم وهەوڵی شکاندن و دور

لە ماوەی کارکردنم لە سیاسەت، زۆر دژایەتی کراوم

خستنەوەم دراوە.
بەوتەی ئەوانەی کار لەو کایەیەدا دەکەن، زۆرترین ئەو توندوتیژیانەی ژنان روبەڕوی دەبنەوە لەکاری سیاسی دا، بریتییە لە: پەنابردن بۆ ناوزڕاندن، شکاندنەوەی کەسایەتیان، بەهەند وەرنەگرتنی رۆڵ و پێگەیان، بەکەم سەیرکردنی تواناکانیان.
شەیما جەمال کوێخا، دەڵێت: بە رای زۆربەی هەرە زۆری تاکەکان کارکردنی ژنان لەبواری سیاسەتدا رێگە پێدراو نیە.
بەڵام ئایا ژنان رازیی بون بەم حوکمە «ناهەقەی» لەکۆمەڵگادا بەرامبەریان دراوە یان دەدرێت؟
شیرین شێخ حسێن، بە جەختکردنەوەوە دەڵێت: «دژایەتی کردن لە هەمو شوێنێک هەیە، تەنانەت لەناو خێزانەکانی خودی خۆشمان دژایەتی کراوم، بەڵام هەر بەردەوام بوم و بەردەوامیش دەبم».

# «تەنها لەبەرئەوەی کچین، ناهێڵن وەرزش بکەین»

■ نەوژین، ئەحمەد حەمید

**(ئیلاف) و هاوڕێکانی دەیانەوێ وەرزش بکەن، بەڵام ئەوان ڕێگریەکیان هەیە، ڕێگرییەکەش «تەنورەیە»، ڕێگەشیان پێ نادرێت بە جلی دیکەوە وەرزش بکەن.**



کچان دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە بەشداری لە چالاکیە وەرزشییەکاندا بکەن

لە بەشێکی ناوەندەکانی خوێندن لە گەرمیان، جیاوازی لە نێوان کچان و کوڕاندا دەکرێت، بەشێوەیەک کچانی فێرخواز لە چەندین مافی سەرەتاییان بێبەشکراون. کچانی خوێندکار ئاشکرای دەکەن کە لە زۆر ڕووەوە جیاکارییان لەگەڵدا دەکرێت و ئەوەی بۆ کوڕان بە ڕەوا دەبینرێت، بۆ ئەوان وانییە.

ئیلاف گۆران، فێرخوازی یانزەی زانستی لە ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە قەزای کەلار وتی: «لە ناوەندەکەی ئێمە کچان وەرزش ناکەن بە هۆکاری ئەوەی کە تەنورەمان لە پێیە و ڕێگەش نادەن بە جلی دیکەوە وەرزش بکەین».

دەڵێت: «کچەکان داوایان لە مامۆستای وەرزش کردوە کە ئەیانەوێت یاری بکەن، ئەویش لە وەڵامدا پێی وتون کە بەشی کارگێڕیی خوێندنگاکە ڕێگە نادا بە جلی دیکەوە وەرزش بکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تێکەڵن».

«هۆکاری بەشدارینەکردنی کچان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەرفەتێکی وا نەڕەخساوە کە کچ بە دڵی خۆی بەشداری لە کۆڕو کۆبونەوە هونەرییەکان یان وەرزشییەکاندا بکات، هۆکاری هەرە سەرەکیش بۆ خێزانەکان دەگەڕێتەوە، چونکە پاڵپشتی کچەکان ناکەن کاتێک دەزانن بەهرەیەکیان تێدایە، تا ئێستاش خێزانەکان بە پێی دابونەریتە کۆنەکان مامەڵە دەکەن».

بێلان لەتیف عەبدوڵڵا، فێرخوازی پۆلی دوانزدە لە قەزای کەلار، وا دەڵێت.

هەندێک لە مامۆستایانی وەرزش باس لەوە دەکەن بۆ ئەوەی کچان بێبەش بکرێن لە چالاکییە وەرزشییەکان هۆکار زۆرە، یەکێک لەوانە زاڵبونی لایەنی ئاینییە.

هێمن خەلیل کاکە ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆری وەرزش لە قوتابخانەی (عیسایی) بنەڕەتی سەر بە قەزای کەلار، ئاماژە بەوە دەکات: «هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن کە کچان بەشداری چالاکی وەرزشی بکەن، یەکێک لەوانە دین و دابونەریتی کۆمەڵگەیە، هەروەها نەبونی مامۆستای پسپۆری وەرزشی ئافرەت لە ناوەندەکان، بەشێکیشی لەبەرئەوەیە کچان خۆیان بەشداری چالاکییە وەرزشییەکان ناکەن».

ژینگەی کۆمەڵگا و هاوتەریب بونی لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن یان تێکەڵاوبونی کولتور و سیستەمی پەروەردەیی، بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت لەو جیاکارییانەی لە ناوەندەکاندا دەکرێت و شارەزایانی پەروەردەش دەڵێن قوتابخانەکان گرنگی تەنها بە خوێندنەکە دەدەن نەک پەروەردە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: «دیدگای ئێمە وایە لە باخچەی ساوایانەوە هەتا وەکو دواقۆناغی خوێندن هەردو ڕەگەز تێکەڵبن و گرنگیی بە هەردوکیان بدرێت لە هەمو ڕووەکانەوە، بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی تەندروستتر هەبێت».

دەشڵێت: ئەگەرچی زۆرجار داوامان لێکراوە کە ناوەندەکان لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەویستوە، بەڵکو هەوڵمانداوە پەیوەندییەکی پتەو و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەنێوان هەردو ڕەگەز دروست بکەین.

(ئیلاف) لە کاتێکدا باسی حەزی خۆی و هاوڕێکانی بۆ دەکردین کە دەیانەوێت وەرزش بکەن، جەختی لەوەش دەکردەوە: «لە زۆرینەی پەیڕەو و پرۆگرامەکاندا وا دانراوە کە دەبێت کچ و کوڕ وەک یەک تەماشا بکرێن، بەڵام ئەم ڕێنماییە تا ئێستا لە بەشێکی ناوەندەکانی خوێندن پەیڕەو ناکرێت».

# کچی بەهرەمەندی زۆر و دەرفەتی کاری کەم






■ نەوژین، کۆشش محەمەد

**ئەگەرچی (ریما) توانی لە ماوەیەکی کەمدا ببێتە جێی سەرنجی ڕاهێنەرەکەی و ئاستێکی باش پیشان بدات، بەڵام ئەمە نەبوە هۆی ئەوەی ڕێگەی پێبدرێت لە بواری وەرزشی لەشجوانی و پەرەپێدانی توانستی جەستەیی دا کار بکات.**

سەرگوزشتەی ئەو کچە تەمەن ٢٩ ساڵەیە کە ناوەکەی خوازراوە، هاوشێوەی چیرۆکی زۆرێک لە کچانی هەرێمی کوردستانە، کاتێک بەهۆی نەبونی چانسی کارکردنی یەکسان و هەروەها ڕێگریی و ئاستەنگی کۆمەڵایەتی و داراییەوە، ڕێگەی پەرەدان بە توانا و بەهرەکانیان لێدەگیرێت.

ئەگەرچی ڕێژەی کارکردنی ژنان بەرادەیەکی بەرچاو زیادیکردوە، بەڵام هێشتا دەرفەتەکان بۆ ئەم ڕەگەزە بە بەراورد بە هاوتاکەیان یەکسان نیە، ئەوان جگە لە کەمی دهرفەتی کار، بەندوباوە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکانیش دژیانن.

ریما، یەکێکە لەو نمونانەی کە بۆ ئەوەی لە بازاڕی کاردا جێپێی خۆی بکاتەوە، ناڕەحەتی زۆری چەشتوە.

وتی: سەرەتا بۆ دابەزاندنی کێشی لەشم و بۆ یاریکردن روم لە هۆڵێکی وەرزشی کرد، بەڵام لەوێ ئاستم زۆر باش بو و هەرزو بومە پێشەنگ، ئەمەش سەرنجی ڕاهێنەرەکەمی ڕاکێشا و داوای لێکردم ببمە ڕاهێنەری یاریدەدەر.

ڕێگریەکان و قسەو قسەڵۆک، لێنەگەڕاون ئەم کچە لەم بوارەدا بچێتە پێشەوە وەک ئەوەی ویستویەتی.

بەپێی ئامارە فەرمیەکان، ڕێژەی بەشداریی ژن لە بازاڕی کاردا لە هەرێم، بەراورد بە ڕەگەزی نێر، زۆر کەمە، بەشێوەیەک ڕێژەکە ١٢ بۆ ١٤٪ی کۆی دەستی کار تێناپەڕێنێت، ئەمەش بەپێی دەستەی گشتی ئاماری هەرێم.

ئەم نابەرامبەرییە، بەوتەی ئابوریناسێک، لێکەوتەی جۆراوجۆری ئابوری و کۆمەڵایەتی دەبێت.

عەلی سەرکەوت، ئابوریناس لە سلێمانی، پێیوایە تائێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕیی جدیان لە ئەم کەیسە نەداوەتەوە. وتی: کەس پرسی کارکردنی ژنان و بونی ئابوری سەربەخۆی نەکردوە بە بابەتێکی جیدیی و گرنگ، هەر ئەمەش وایکردوە ژنان ملکەچ بکات بۆ هەر بڕیارێک بەسەریاندا بدرێت.

لەبەرامبەریشدا حکومەت شانازی بەوەوەدەکات کە زۆر پرۆژەی هەبوە بۆ برەودان بە کارکردنی گەنجان بە هەردو ڕەگەزەوە و ڕەگەزی مێینەش لێی سودمەند بون، یەکێک لەو هەنگاوانەش: قەرزی بچوکە.

ئارام کەریم، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی قەرزی بچوک لە گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد لە ڕێگەی پڕۆژەی قەرزی بچوکەوە تائێستا نزیکەی ٧ هەزار بێکار سودمەند بون و پڕۆژەیان ئەنجامداوە و بونەتە خاوەنکاری خۆیان.

ئاماژە بەوەشدەکات «لەم ڕێگەیەوە توانیمانە دەیان خانم و کچ سودمەند بکەین و ببنە خاوەن پیشە و دارایی سەربەخۆی خۆیان».

ئەگەرچی هەرێمی کوردستان شانازی بەوەوەدەکات کە یاسای باشی هەیە بۆ پاراستنی یەکسانی و بەرەنگاربونەوەی جیاکاری ڕەگەزیی، بەڵام لە بواری دەرفەتی کاری یەکسان دا، کتێبخانەی یاسایی هەرێم چۆڵ و خاڵیە.

عەبدولسەلام بەرواریی، پسپۆڕی کۆمەڵناسی و مامۆستا لە زانکۆ سەلاحەدین، پێیوایە بونی یاسا زۆر لە مەسەلەکە ناگۆڕێت «ئەگەرچی یاسایش هەبێت داکۆکی لەمافی ئافرەت بکات، بەڵام هێشتا ناتوانێت ڕوبەڕوی ئەو دابونەریتە کوردەوارییە ببێتەوە کە تائێستاش کارکردنی ئافرەت بەشورەیی یان بە نەشیاو دادەنات».

ریما، جەختی لەم خاڵە کردەوە و باسی لە ئەزمونی خۆی کرد لە کارکرن دا «ڕێگری لە هەمو بوارێکدا زۆرە بەتایبەت ڕەنگە دژایەتی بکرێیت یان کێشە بۆ کارەکەت دروست بکرێت بەهۆی ئەوەی کچیت».

بەڵام وادیارە سەرباری هەمو ئەو ڕێگریە جۆراوجۆرانە، کچان کۆڵ نادەن و دەیانەوێت جێپەنجەی خۆیان لە بوارەکەدا بەجێبێڵن.

ڕێژین خالد، دەرچوی پەیمانگای زانستەکانی کۆمپیوتەرە، پاش تەواوکردنی خوێندن، ئۆفیسێکی کاری فۆتۆکۆپی و بەڕێکردنی مامەڵەی هاوڵاتیانی داناوە و بەوتەی خۆیشی سەرکەوتو بوە.

ئەو باس لەوەدەکات ئەگەرچی نە حکومەت و نە ڕێکخراوەکان هاوکاریی و دەستگیرۆییان نەکردوە، بەڵام بەهەوڵ و پێداگیریی خۆی توانیویەتی لەم کارەی دا سەرکەوتو بێت.

ڕێژین، هانی کچان دەدات کە بەردەوامبن لە بەدیهێنانی خەونەکانیان، وەکخۆی وتی: «سەربەخۆیی لە روی داراییەوە، واتا بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی و بەدەستهێنانی مافەکانمان».

* دوای بەشداریکردنی لە خولێکی ڕێکخراوی «Internews» لەسەر شێوازی نوسینی ڕاپۆرتی هەستیاری جێندەری و توندوتیژی بەرامبەر ژنان، ئامادەکار ئەم ڕاپۆرتەی نوسیوە.

# 10 چالاکوان هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی توندوتیژی



▪ نەوژین، ڕێناس ساڵەح

**ژنانی چالاکوانی گەرمیان لە مێزگردێک دا جەخت لە گۆڕانکارییەکی هەستپێکراو دەکەن لە گەرمیان لە ڕەوشی کچان و ژنان دا، بەوەی توندوتیژیە جەستەییەکان تاڕادەیەکی بەرچاو کەم بونەتەوە، بەتایبەتی ئەو حاڵەتانەی کە بە «توندوتیژی قورس» یان حاڵەتی قورس هەژمار دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا دەنێن کە قەبارە و جۆری توندوتیژیەکان گۆڕاون.**

لەمیانەی مێزگردێکی یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە ڕادیۆی دەنگ، بە بەشداری ١٠ چالاکوانی ژنان، گفتوگۆیەکی تایبەت ئەنجام درا لەسەر قەبارە و ڕەهەندە جیاوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە سنوری گەرمیان بە گشتی ئەو بەرەوپێشچون و گۆڕانکارییانەی لەم ڕووەوە بەدییهاتوە، ئەمەش لەکاتێکدایە لە ساڵی ٢٠١٩ و لە ئاماری حاڵەتەکانی ١٠ مانگی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی، هیچ حاڵەتێکی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان لە سنورەکە دا تۆمار نەکراوە.
لەخوارەوە دەقی ئەو گفتوگۆیە دەخەینەڕو کە ئەنجامدراوە.

### توندوتیژی جەستەیی

* ترۆپکی توندوتیژی لەماوەی ڕابردودا لە گەرمیان کە بەرامبەر ژنان دەکرا توندوتیژی جەستەیی بو کە خۆی دەبینێتەوە لە هەر جۆرە توندوتیژییەکی فیزیکی بەرامبەر بە ژنان وەک: لێدان، سوتان و کوشتن، بەڵام ئامارەکانی ئەمساڵ، پێدراوی تازەیان داوە، ئێوە چۆنی دەخوێننەوە؟
لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، چالاکوان و لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتی ژنانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد ئەم جۆرە توندوتیژیە ماوە لە گەرمیان، بەڵام تارادەیەکی باش بەهۆی ترس لە یاساکانی بەرەنگاربونەی توندوتیژی خێزانی، کەم بوەتەوە.
شوکریە غەفور عەبدولڕەحمان، چالاکوان و لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتی ژنانی کوردستان، جەختی لەوەکردەوە پیاوان ئێستا لەبری توندوتیژی جەستەیی پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی دەرونی، هەربۆیە ئێستا توندوتیژیە دەرونیەکان جێگەی بە توندوتیژیە جەستەیەکان لەقکردوە.
«ناشتوانین بڵێن بەرادەیەکی زۆر توندوتیژی جەستەیی کەمبوەتەوە، لەبەر ئەوەی چەندین ژنمان هەیە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، بەڵام سکاڵا تۆمار ناکات، کەواتە ئێمە ئاماری ڕاستی ئەم پرسەمان لەبەردەست نیە».
سنور ئەحمەد، چالاکوانی ژنان و ئەندامی ڕێکخراوی ئۆکسفام لە گەرمیان، لەبارەی نەبونی ئاماری ورد و بێدەنگی ژنان لە بەرامبەر توندوتیژیە جەستەیەکان کە بەرامبەریان دەکرێت، هێمای بەوەکرد «هەندێکجار ژنان وا بیردەکەنەوە کە ڕەنگە ئەرکەکانی خۆیان بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان لە نێو خێزاندا یان کەسوکاریان بە باشی بە ئەنجام نەگەیاندوە، هەربۆیە هەقی خۆیانە کە توندوتیژیان بەرانبەر بکرێت، ئەمەش لە ناو ئەو خێزانانە بە تەمیەکردن ناودەبرێت». هۆکارەکەشی وابەستەکرد بە کەمی هۆشیاریەوە.

### توندوتیژی دەرونی لە بری توندوتیژی جەستەیی

* ئەگەر توندوتیژی دەرونی شوێنی بە توندوتیژی جەستەیی لەقکردبێت، کەواتە توندوتیژیە دەرونیەکان چین ئێستا بەرامبەر بە ژنان دەکرێت لە گەرمیان؟
سنور ئەحمەد، باسی لەوەکرد ژنێک ئەگەر تاوەکو ئێستا ڕێگەی پێنەدرێت بەدڵی خۆی لە ماڵەوە بیەوێت سەردانی شوێنێک بکات ئەمە ڕاستەوخۆ پێوتنی نیە بەوەی تۆ کەسێکی کامڵ نیت پێویستت بەوەیە کەسێکی تر بڕیارت لە بارەوە بدات؟! ژنێک مێردەکەی باسی ژنێک بکات بەڕادەیەک ئەفزەڵیەتی بدات بەسەریدا و ئەم بە ناشرین و نەزان بزانێت، نابێتە هۆی تێکچونی دەرونی؟ ئەم ژنە کە بەردەوام ئەم ڕەفتارەی بەرامبەر دوبارە بکرێتەوە یاخود بە تەڵاق بەردەوام بترسێنرێت، ئایا دۆخێکی دڵەڕاوکێ و خۆبەکەمزانینی بۆ دروست نابێت؟
شوکریە غەفور، بەهەمان شێوە تەڵاقدان و هێنانی ژنی دوەم لە لایەن پیاوانەوە بە توندوتیژی دەرونی خستە بەرباس.
هاوکات ئەندامێکی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی کە چەندین ساڵە لە گوندەکانی گەرمیان چالاکن و هۆشیاری لەناو ژنانی گوندنیشین بڵاودەکەنەوە، پشتڕاستی ئەوەی کردەوە.
خەڵات ساڵەح، وتی: لە گوندەکانی گەرمیانیش توندوتیژیە جەستەیەکان پاشەکشەی کردوە و توندوتیژی دەرونی جێگەی گرتوەتەوە، لە قسەپێکردن و وەرنەگرتنی ڕای ژنان و ترساندنیان بە جیابونەوە دەرکردنی کچان لە خوێندنگاکان.

### چۆن ڕوبەڕو ببینەوە؟

* ئەگەر دیقەتێکی ورد بدەینە ئامارەکان و بەدواداچونی چالاکوانان، دەبینن تێکڕا هاوڕان توندوتیژیە جەستەیەکان کاڵبونەوەیەکی بەخۆیەوە بینیوە، کە واتە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: ئاخۆ ژنان چۆن دەتوانن ڕوبەڕی توندوتیژیە دەرونیەکان ببنەوە؟
سنور ئەحمەد، دەڵێت: ژنان دەتوانن خودی خۆیان کۆتایی بەم گرفتانە بهێنن کە دەبێتە هۆکاری دانانی کاریگەری نەرێنی لەسەر دەرونیان، ئەویش تاکە چەک بۆیان گرنگی دانە بە بون بە خاوەنی ئابوری سەربەخۆی خۆیان کە بەو شێوەیە ئەو چەکەی کۆمەڵگا کە بەرەوڕویان دەکاتەوە بەوەی پێیان دەڵێت «کێ بەخێوتان دەکات؟»، دادەنێت.



### کارکردن وەکو بەرەنگاربونەوە

* ئەمە ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە بۆ ئەو پرسیارەی ژنان لە گەرمیان ئەوەی دەبینرێت کرانەوەیەکی تاڕادەیەک باشیان هەیە بەوەی ئێستا لە بەشێکی زۆری شوێنەکانی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ دەبینرێن، ئاخۆ ئەمە مانای هەنگاونان بۆ کۆتایی هاتنی توندوتیژیە ئابوریەکان ناگەیەنێت بەرامبەر ژنان؟
سنور ئەحمەد، وەڵامی ئەم پرسەی بەوە دایەوە ڕاستە ژنان لە گەرمیان کرانەوەیەکی باشیان هەبوە بۆکارکردن لەمساڵدا، بەڵام ئەبێت ئەوە ڕونبێت لامان کە تا ئەمڕۆ ژنان ناتوانن بە بڕیاری تاکلایەنە بچن کاربکەن لە هەربوارێک کە خواستی خۆیانە، بۆیە ژنان ناتوانن بە بڕیاری تاکلایەنە بچن کاربکەن لە هەربوارێک کە دڵخوازی خۆیان بێت، هاوکات بواری کارکردن و شوێنی کار و جوگرافیای کاریشیان سنوردارە.
وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی ئەو ژنانەی کاردەکەن ناتوانن بە خواستی خۆیان داهاتەکانیان بەکاربهێنن.
لە توندوتیژیە ئابوریەکان لە گەرمیان نەدانی بەشە میراتە بە کچان، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو توندوتیژیانەی کە بەردەوامی هەیە.
شوکریە غەفور، لە بارەی ئەمەوە وتی: تاوەکو ئێستا ژنانی گەرمیان توندوتیژی ئابوریان بەرامبەر بەکاردەهێنرێت، بەوەی لە میرات بێبەش دەکرێن، لە گەڵ ئەوەشدا ژنانێک لە گەرمیان گەشتون بەو قۆناغەی کە لەکاتی بێبەشکردنیان پەنادەبەنە بەر یاسا.

### قەبارەی جیاوازیە ڕەگەزیەکان

* ئەمە دەمانبەستێتەوە بەوەی کە جیاوازیە ڕەگەزیەکان لە ناوخێزانەکان لە گەرمیان گەشتوە بە چ قۆناغێک؟
خەڵات ساڵەح، ئەندامەکەی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی، باسی لەوەکرد: جیاوازیە ڕەگەزیەکان تاڕادەیەکی زۆر بە پێی بە دواداچونی ئێمە بونی ماوە، بەتایبەت لە گوندەکان کە ئێمە لەوێ کاردەکەین.

# دژ بە ژنان لە گەرمیان دەکەن



دەشنێ ئەحمەد، چالاکوانی سەربەخۆ، لەسەر جیاوازیە رەگەزیەکان لە ناوخێزانەکان وتی: تاوەکو ئێستا دەتوانین بڵێین لەگەرمیان ژنان خودی خۆیان کچەکانیان وەک ئینسانێکی ئازاد بەخێوناکەن، گرفتەکە لێرەوە سەرچاوەی گرتوە.

هێمای بەوەشکرد: بە پێی بەدواداچون و پێدراوەکان، دیاردەکە لە ناحیەی رزگاری بۆ نمونە بەبەراورد بەکەلار زیاترە.

هەروەک (ساهیرە عەبدولرەزاق)، لێپرسراوی لقي گەرمیانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لە قەزای کفریش بەهەمان شێوە دیاردەکە زەقە، ئەمە بۆ کەلاریش هەر راستە.

ساهیرە، جیاوازیەکەی بەوە بەستەوە تاوەکو ئێستا کچانێک دێنە لایان کە خێزانەکانیان پێیان دەڵێن لەبەر ئەوەی تۆ کچی دەبێت نەچیتە زانکۆکانی دەرەوەی گەرمیان و هەر لێرە خوێندن تەواو بکەیت، لە کاتێکدا بۆ هەمان خێزان بۆ کورەکەیان کێشەیان نەبوە کە چۆتە دەرەوەو خوێندنی تەواو کردوە.

لەگەڵ ئەمەشدا وەک خۆیان دەڵێن: لە خێزانێک بۆ خێزانێکی دیکە جیاوازیەکە گۆڕاوە تاڕادەیەک.

لە کۆی گفتوگۆکان دەگەینە خاڵی قسەکردن لەسەر توندوتیژیە کۆمەڵایەتیەکان بەرامبەر ژنان لە گەرمیان کە کۆی کۆمەڵگا پێکەوە دەگرێتەوە، بەوەی چۆن ژنان قبوڵ دەکەن بەوەی کە هەیە و بەوەی دەیەوێت بیکات. وەک چالاکوانان هێمای بۆدەکەن لەم رووەوە رەوەشەکە گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، بەڵام وەکپێویست نیە.

ساهیرە عەبدولرەزاق، باسی لە تازەترین نمونە کرد کە ئێستا لە بەردەستیان دایەو بەدواداچونی بۆ دەکەن، کە دایکێک چۆن توندوتیژی بەرامبەر کچەکەی دەکات بەهۆکاری ئەوەی کچەکەی دەیەوێت لە هاوسەرەکەی جیاببێتەوە.

ئەو نمونەیەی (ساهیرە) باسی لێوەکرد، کچێک دوای ئەوەی هاوسەرگیری دەکات، دەیەوێت خۆی کاربکات و ئەو جلوبەرگەیشی دەیپۆشێت بە خواستی خۆی بێت، بەڵام هاوسەرەکەی ئەمەی پێ قبوڵ نیە و بڕیاری جیابونەوە دەدات، دایکی کچەش بە بەکارهێنانی توندوتیژی خێزانی بەوە کە کچەکەی بەوە شێوەیە قبوڵ نیە بەهۆی لۆمەکردنی لەلایەن خزمانیانەوە، روبەڕی کچەکەی دەبێتەوە.

وتیشی: ئێستا کچەکەی رۆشتوە و دەیەوێت سەربەخۆ ژیانی خۆی بکات، ئەمەش وایکردوە ئەو خێزانە توشی پشێویەکی زۆر و سەرگەردانی ببنەوە، دایک و کچکەش کەوتونەتە دۆخێکی زۆر ناجێگیر و شڵەژاوەوە.

بەوتەی خۆی، ئەم روداوە دەریدەخات توندوتیژیە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان لە چ ئاستێکی زەقدان لە ناوچەکە، بەوەی کچان و ژنان مافی دیاریکردنی ئەو جلوبەرگەشیان نیە کە دڵخوازی خۆیانە.

## یاسا رۆڵی چی بوە؟

* لێرە دا دەبێت هەڵوێستە بکەین لەسەر یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی کە تاچەند کاریگەری هەبوە لەسەر کۆی توندوتیژیەکان بەرامبەر ژنان و گرفتەکانی لە کوێدایە؟

خەڵات ساڵەح، لەسەر یاساکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی جەختی لەوەکردەوە کە ژنانی گوندنشین تاوەکو ئێستا شارەزایان لێی نیە، ئەو چیرۆکی ژنێکی بە نمونە گێڕایەوە کە هاوسەرەکەی پارێزەرە لە دادگای گەرمیان و ئاگەداری ئەو یاسایە نەبوە کە هەیە.

ئەگەر ژنانی گوندنشین شارەزایان نەبێت لە یاساکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ژنانی شار شارەزان.

سنور ئەحمەد، لە بارەی ئەمەوە وتی: گرنگ یاساکە نیە کە هەیە، گرنگ ئەوەیە ژنان ئەوەندە هۆشیار ببنەوە کە کاتێک توندوتیژیان بەرامبەر کرا پەنا ببەنە بەر دادگاکان بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان.

یاساکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خیزانی، ئەگەرچی رۆڵێکی باشی هەیە وەک چالاکوانانی مافەکانی ژنان باسی لێوەدەکەن، بەڵام لە یاساکانی تایبەت بە جیابونەوەی هاوسەران کۆمەڵیک گرفت هەن پێویستی بە هەڵوێستە لەسەر کردنە بۆ هەموارکردنەوەیان.

ئێستا ژنان لە گەرمیان و کوردستانیش لە تەمەنی سەرو ٤٠ بۆ ٥٠ساڵی کە جیادەبنەوە لە هاوسەرەکانیان، دەبینین لە زۆربەی مافەکانیان بێبەشدەکرێن و شوێنێکی گونجاویان بۆ ژیان دەست ناکەوێت، بەهۆی ئەوەی نە خێزانێک ماوە بچنەوە لایان، نە لە یاساکان حەقی خۆیان وەردەگرن، بەوەی بتوانن شوێنێک بۆخۆیان دابین بکەن بۆ نیشتەجێبون.

بە وتەی چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان، دەبێت یاساکانی پەیوەست بەم بوارە، هەموار بکرێنەوە.

شوکریە غەفور، نمونەی ژنێکی دانیشتوی کەلاری هێنایەوە بەوەی تەمەنی سەرو ٤٠ ساڵە و ئێستا لە هاسەرەکەی جیابوەتەوە، بەهۆی ئەوەی براکانی ئامادەنین بیگرنە خۆ، ناچار لە ماڵی کەسێک لە ژورێکدا ژیان دەگوزەرێنێت و خێرخوازێک مانگانە هاوکاری دەکات.

نەبونی شوێن بۆ ژیانکردن بۆ ژنان لە دوای پرۆسەی جیابونەوە، گرفتی سەرەکی سەرجەم ژنانی جیابووەوەیە بەتایبەت ئەوانەی بژێویەکی ئەوتۆیان نیە.

## خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ دەرئەنجامەکان

نەبونی هیچ حاڵەتێکی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان لەمساڵدا، بۆخۆی دەرخەری راستی ئەو هەنگاوە گرنگەیە کە پێمان دەڵێت: چاوەڕێ دەکرێت رەوشی ژنان بە ئاقاری باشتر دا بڕوات.

ئەوە دەرئەنجامەی پێی دەگەین لە کۆی قسە و گفتوگۆکانی چالاکوانانی ژنان، ئەوەیە رەوشی ژنان لەروی پاشەکشەی توندوتیژیە قورسەکانەوە، هەنگاوێکی گەورەی ناوە، بەڵام لە زۆر روی دیکەوە هەنگاوەکان لاوازن و پێویستی بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زیاتر و پاڵپشتیی یاسایی هەیە بۆ روبەڕوبونەوەیان.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە کرانەوەی ژنانە لەم قۆناغەدا بە روی کاری سەربەخۆی خۆیان و کارکردنیان لە بەشێکی زۆری لایەنەکانی کاردا کە بۆخۆی دەتوانرێت بە دەستکەوتێکی باشی ژنان بناسرێنرێت، چونکە وەک چالاکوانانی مافەکانی ژنان دەڵین: ژنان کە بتوانن ئابوری سەربەخۆیان هەبێت، ئیتر هەنگاونان بۆ داهاتو ئاسانتر دەبن.

یاساکانی تایبەت بە مافی ژنان لە کاتی پرۆسەی جیابونەوەی خێزانەکان وەک چالاکوانان دەڵین، گرفت و کەموکورتی تێدایە و پێویستی بە هەموارکردنەوەیە، ئەوەش بۆ گەڕاندنەوەی ژیانی شایستە بۆ ئەو ژنانەی کە جیادەبنەوە لە هاوسەرەکانیان و سەرچاوەیەکی ئەوتۆی داراییان نیە یاخود شوێنی نیشتەجێبونیان نیە کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکان کە ژنان قبوڵی چەندین توندوتیژی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی دەکەن.

> رەوشی ژنان پێویستی بە پاڵپشتیی یاسایی هەیە



### ئەو رەگەزەی یاسا لە بیری کردوە!

# کۆژانی ئەو مرۆڤانەی هەم نێرن و هەم مێ

■ **نەوژین، هونەر حەمید**

**(نەسرین) لەدەستپێکی تەمەنی هەرزەکاری هەستی بەجیاوازی کرد لە روی جەستەییەوە لەگەڵ خوشک و براکانی دا، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر نەیدەزانی ئەو یەکێکە لەوانەی لە کۆمەڵگا دا بە «نێرەموک» ناودەبرێن.**



نەسرین، کەناوی خوازراوی مرۆڤێکە، ئێستا لە سییەکانی تەمەنی دایە، بە شێوە کورەو بە رەگەز کچە، ئەوەی بۆ (نەوژین) گێڕایەوە کە لەتەمەنی منالّی حەزی لەیاری کچانە دەکرد زیاتر لەوەی مەیلی بۆیاری کورانە بڕوات، لە دەستپێکی تەمەنی هەرزەکاریشدا بەتەواوەتی ئەوەی بۆ دەرکەوت کە هۆرمۆنی کچێنی زیاترە.

باسی ئەوەشی کرد، لەتەمەنی منالّییەوە لە مالّەوە جلوبەرگی کورانیان بۆ کڕیوە، بەڵام ئەم زیاتر حەزی لە جلوبەرگی کچانە بوە، هەتا دوای تەمەنی هەرزەکاریی وەک کوڕێک دەرکەوتوە، بەڵام لەدوای تەمەنی ٢٠ سالّییەوە ئیتر حەزی نەکردوە تێکەلّی کوڕ بکات و هاوڕێی کچیشی نەبوە.

ئەم حالّەتانە لەمێژەوە لەناو کۆمەڵگادا بونی هەیە، وەک توێژەرێکی دەرونی باسی لێوەدەکات، بەردەوامیش ئەو کەسانە «دەبنە قوربانی».

عەباس مەحمود، توێژەری دەرونی، باسی لەوەکرد زۆرجار لە قوتابخانەکان دا ئەم جۆرە کەسانە دەبنە قوربانی، چونکە بەپێی خواستی خۆیان دەوام لەو قوتابخانانە ناکەن کە خۆیان حەزیان لێیەتی، بەپێی شێوەیان دەخرێنە قوتابخانەی کچان یان کوڕان کە ئەمەش وادەکات خوێندنیان بۆ تەواو نەکرێت.

نەسرین، ئاماژەی بەوە کرد: بەهۆی ئەوەی مالّی ئەوان لە ئاوایی بوە، تا پۆلی (٦)ی بنەڕەتی خوێندوە، دواتر نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، چونکە لە ئاواییەکیاندا تەنها قوتابخانەی بنەڕەتی «سەرەتایی» هەبوە.

ئەوەی گرفتەکەی بۆ ئەم توێژەی کە زۆرجار بە «رەگەزی سێیەم» ناودەبرێن، ئەوەیە کە حالّەتەکەیان ئەگەرچی لە زۆر زوەوە بونی هەیە، بەڵام یاسا هیچ گرنگیی و بایەخی پێنەداوە و وەک ئەوە وایە کە لە بیری کردبن.

ئەڤین سەرکەوت، پارێزەر، باس لەوە دەکات کە لە یاسای باری کەسێتی و یاسای مەدەنی لە عێراق ئەم جۆرە کەسانە باس نەکراون و لەکاتی بونی کێشە یان هەر روداوێکیش، بەپێی ناسنامەی باری کەسێتیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و «گۆڕینی رەگەز لەدادگاکان بونی نیە و ئەگەریش سکالا بکرێت رەتدەکرێتەوە».

وادیارە شەرع لە یاسا بوێرترە لەسەر گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم حالّەتەوە، چونکە وەک زانایەکی ئاینی ئاماژەی بۆ دەکات، هەندێک فەتوا لەبارەیانەوە لەئارادان.

م. حەسەن سالّەح، وتاربێژی مزگەوتی غەزالی لە کەلار، بۆ (نەوژین)ی رونکردەوە: لە شەریعەتی ئیسلامدا بەو کەسانە دەوترێت «خنثی»، ئەو کەسانە سێ شێوازن، یەکێکیان هەردو ئەندامی زاوزێی هەیە و مەیلی زیاتر بۆ لای پیاوە ئەو جۆرەکەی تر مەیلی بۆ لای ئافرەتە و جۆری سێیەم لەنێوان هەردوکیانە.

باسی لەوەشکرد زانایانی سەردەم رێگەیان بەوە داوە کە خۆیان رەگەزی خۆیان دیاری بکەن لە رێگەی نەشتەرگەریی و رێکاری تری پزیشکیی، بەشێوەیەک هۆرمۆنی چ رەگەزێکیان زاڵ بو دەتوانن بەو جۆرە رەفتار بکەن و هاوسەرگیریی بکەن.

م. حەسەن سالّەح، باسی ئەوەشی کرد لە روی میراتەوە هەر رەگەزێکیان ساغ بوە بەسەریانە بەوشێوازە میراتیان بەردەکەوێت، جەختیشیکردەوە «خوای گەورە بەگوناهی دەزانێت کە قسەی نەشیاو بەم کەسانە و بە هەرجۆرە مرۆڤێک بکرێت».

گرفتی گەورەی ئەم کەسانە ئەوەیە، کە خێزانەکانیان زۆرجار ناچاریان دەکەن ئەو رەگەزە بن کە خۆیان دەیانەوێت و هیچ ویست و راستیەکی خودی کەسەکە قبوڵ ناکەن.

لەو روەوە (نەسرین) نمونەی ئەوەی هێنایەوە کە لەدوای تەمەنی ٢٥ سالّیەوە خێزانەکەی ویستویانە بەزۆر ناچاری بکەن ژن بهێنێت، لەکاتێکدا وەکخۆی وتی: «زیاتر تایبەتمەندیی کچم هەبوە و تەنانەت دەکەوتمە سوڕی مانگانەشەوە».

شارەزایان پێیانوایە کە رێگە دروستەکە ئەوەیە یاسا رێکارەکانی لەبارەی ئەم رەگەز و حالّەتەوە دابڕێژێت، بەشێوەیەک دۆخی تایبەتیان رەچاو بکات.

«دەکرێت داوابکرێت کە یاسایەکی تایبەت بەم کەسانە دەربکرێت، بۆ ئەوەی بێبەش نەبن لە مافی خۆیان و وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە بژین». (ئەڤین سەرکەوت)ی پارێزەر وای وت.

* دوای بەشداریکردنی لە خولێکی رێکخراوی «Internews» لەسەر شێوازی نوسینی راپۆرتی هەستیاری جێندەری و توندوتیژی بەرامبەر ژنان، ئامادەکار ئەم راپۆرتەی نوسیوە.

---

# سەرجێیکردنی بەزۆر، توندوتیژیەکی بێدەنگی لێکراو

■ **نەوژین، زریان محەمەد**

**توندوتیژی: (جەستەیی، ئابوریی، دەرونی، سێکسی)، رەنگە هەتائێستا ئەمجۆرانەی توندوتیژیت بیستبێت یان ئاگات لێ بێت، بەڵام جۆرێکی تری توندوتیژی لە کۆمەڵگادا بونی هەیە کە بەبێدەنگی ئەنجام دەدرێت، نە پەنجەی بۆ رادەکێشرێت و نە قوربانیەکانیش لەسەری دێنە دەنگ.**

سەرجێیکردنی بەزۆر، یەکێکە لەو جۆرانەی توندوتیژی کە دەرهەق بە ژنانی هاوسەردار دەکرێت، ئەوان لە بێدەنگی دا روبەڕوی ئەم توندوتیژییە دەبنەوە، نە دەتوانن لەبارەیەوە قسە بکەن و نە ئەگەریش قسە بکەن چاوەڕێی ئەوە دەکەن خەڵکی لێیان بگەن.

کرۆکی ئەم جۆرە لە توندوتیژی، بریتییە لە ناچارکردنی ژنان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە بە سەرجێی کردن و جوتبون، ئەگەرچی بارودۆخی تەندروستی و دەرونیشیان نەگونجاو بێت و ئامادە نەبن بۆ ئەم کارە.

لە گەڕان و پەیجوریمان دا بۆ ئەم حالّەتە، زانیاریی زۆرمان دەست نەکەوت، هەروەک ژنانیش ئامادە نەبون لەبارەیەوە قسەمان بۆ بکەن، بە ئاشکراش هەستمان بەوەدەکرد کە ئەوەی وادەکات قسە نەکەن، شەرمی کۆمەڵایەتیە.

دوای گەڕانێکی زۆر، ژنێک بەو مەرجەی هیچ ئاماژەیەک بە ناو و زانیاریەکانی نەکرێت، ئامادەبو قسەمان بۆ بکات.

ئەو لە ناوەڕاستی تەمەنی دایە و نازناوی (سارا)مان بۆ داناوە، ماوەی (٧) سالّە هاوسەرگیری کردوە.

«هاوسەرەکەم تەنها حەزی خۆی بەلاوە گرنگە و بە زۆر سەرجێیم لەگەڵ دەکات». بەم وتانە دەستی بە قسەکانی کرد.

ئاماژەی بەوەکرد ئەو بەکۆمەڵێک خەونی خۆش و رەنگالّەییەوە لە هاوسەرگیریی روانیوە، بەڵام دواتر وادەرنەچون، بەڵکو لە پرۆسەکەدا ناچار بە هەندێک کار کراوە کە دڵی نەیویستوە.

وتی: «مێردەکەم بە زۆر سەرجێیم لەگەڵ دەکات، هەرچەند ئارەزوم لەسەری نەبێت یان بۆم نەگونجێت و تەندروستیم یارمەتیم نەدات، بەڵام ئەو بە زۆر پێم دەکات».

باسی لەوەشکرد بەمهۆیەوە چەندین جار بوە بە شەڕ و دەنگە دەنگیان و هەر بەم هۆکارەشەوە پەلاماری داوە و لێی داوە.

دەزگا فەرمیەکان، لەبارەی ئەم حالّەتەوە هیچیان لە هەگبەدا نیە، ئەوان باس لەوەدەکەن ئەم حالّەتانە ئەگەر هەبن، ئەوا لەناو خێزانەکاندان و رێیان ناکەوێتە لای ئێمە.

فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە گەرمیان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: حالّەتەکانی دەستدرێژیی سێکسی لەمسالّدا کەمیکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سکالایانەی لەسەر دەستدرێژی سێکسی هەیە، هیچیان پەیوەندیان بە سەرجێیکردنی نێوان ژن و مێردەوە نیە و لەو بارەیەوە هیچ سکالایەک تۆمار نەکراوە.



ئەم حالّەتە بەگوێرەی بنەما مافییەکان، جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئەم حالّەتەش لە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی دا لە هەرێمی کوردستان، جەختی لێکراوەتەوە.

وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی گەرمیان، وتی: «بە پێی یاساکە هەر کەسێک کارێکی لەو شێوەیە ئەنجام بدات ئەوا بە پێی مادەی (٧) سزادەدرێت بە بەندکردن لە (٦ مانگ کەمتر نەبێت و لە ٣ سالّ) زیاتر نەبێت، لەگەڵ غەرامەی مادی لە (١ ملیۆن دینارەوە بۆ ٥ ملیۆن دینار)».

کە یاسا لەبارەی ئەم حالّەتەوە هەیە، مانای وایە حالّەتەکەش بونی هەیە، کەواتا بۆچی هیچ کەسێک سکالا لەمبارەیەوە تۆمار ناکات؟

سارا، ئاشکرای دەکات ئاگاداری ئەوە نیە هیچ یاسایەک لەمبارەیەوە هەبێت، سەرباری ئەوەش ئامادە نیە لەوبارەوە سکالا تۆمار بکات «من تەنانەت لەلای خێزانەکەی خۆشم ناتوانم باسی ئەم حالّەتە بکەم، چونکە لۆمەم دەکەن و من بە کەمتەرخەم دەزانن».

لێوار ئیبراهیم، لێپرسراوی سەنتەری راوێژکاریی خێزانی لە گەرمیان، کە سەنتەرەکەیان خێزانەکان بۆ زۆر کێشەی ناوخۆیان رویان لێدەکەن، لەمبارەیەوە باس لەوەدەکات «خێزانەکان ئەمە بە بابەتێکی هەستیار دەزانن و هەر لەناوخۆیاندا دەمێنێتەوە و نایهێننە لای ئێمە».

ئەم حالّەتە و مانەوەی بەوشێوەیە، دەبێتە ئەو خۆرەیەی کە ناخی قوربانیەکە دەخوات و وای لێدێت پرۆسەی هاوسەرگیریی بەگشتی لەپێشچاودا ناشرین بێت.

کارزان فوئاد، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: «قوربانیانی ئەم حالّەتانە توشی نەخۆشی خەمۆکی و گۆشەگیریی دەبن و تەنانەت وا دەکات پەنا ببەنە بەر خۆکۆشتن، ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ترسی قسە و لۆمەی کۆمەڵگا، تەنانەت ناتوانن سکالاش تۆمار بکەن».



# بۆ ئەوەی داهاتو پەشیمان نەبی ئێستا ئەمانە بۆ منداڵەکەت بکە!

■ رۆناک ئەکبەر

**منداڵ یەکێکە لەو نیعمەتانەی کەخوای گەورە بەئێمەی بەخشیوە، بۆیە یەکێک لەو کارە قورسانەی دوچاری دایک و باوک دەبێتەوە پەروەردەکردنی منداڵەکەیانە، چونکە ئەرکێکە پێویستی بەزانیاری و لێهاتویی هەیە، بەپێچەوانەوە کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەر منداڵ.**

> یاریی شێوازێکی ئاسانی پەروەردەییە

> مافێکی رەوای منداڵانە گوزارشت لە را و بۆچونەکانیان بکەن

هەمو دایبابێک پێویستە پێش ئەوەی بیرلەهێنانی منداڵ بکەنەوە، بیر لە پەروەردەکردنی بکەنەوە، چونکە منداڵ بەبێ پەروەردەیەکی تەندروست، دەبێتە هۆی کێشە و ئاژاوەو ناڕەحەتی بۆ خێزان و کۆمەڵگاکەی.
یەکێک لە کێشەکانی پەروەردەکردن نەبونی پەیوەندییەکی دروست و هاوڕێیانەیە لەنێوان دایباب و منداڵ دا. زۆرجار سەرنجی ئەوەمان داوە ئەم پەیوەندییە لەبری ئەوەی پەیوەندییەکی دروستی پڕ خۆشەویستی و هاوڕێیانە بێت، پەیوەندییەکە زیاتر لە شێوەی پەیوەندی ئاغا و کۆیلە، یان سەردار و خزمەتکارە، کە ئەمە یەکێکە لە هەڵە کوشندەکانی پەروەردەی تاک، هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی زۆرجار تاکێک دروست بێت کە هەست بە بەرپرسیارێتی نەکات و تاکێک نەبێت چالاک و داهێنەر و لە زۆر حاڵەتیشدا تاکێکی لادەر و بێ پڕۆژە بێت و لەبری ئەوەی وزەیەک بێت بۆ جەستەی کۆمەڵگە، دەبێتە بارێک بەسەر جەستەی کۆمەڵگەوە.
زۆرێک لە دەرونناس و کۆمەڵناسان هۆکارەکانی لادانی تاک و ئالودەبونیان بە ماددەی هۆشبەر و کەوتنە نێو تۆڕی تاوانکاریی و تیرۆریستییەوە، دەگەڕێننەوە بۆ نەبونی پەروەردەیەکی دروست و مامەڵەیەکی نادروستی دایباب لەگەڵ منداڵ دا، ئەم ئامۆژگاریانەی خوارەوە یارمەتی تۆی دایک و باوک دەدات کە بەشێوەیەکی باشتر و تەندروست منداڵەکانتان پەروەردە بکەن:
١. سۆز و خۆشەویستییەکی زیاتر بە منداڵەکانتان ببەخشن، چونکە ئەمە گرنگییەکی زۆری هەیە. بۆ ئەوەی منداڵەکانتان هەست بە ئاسودەیی و بە دڵنیایی بکەن، بۆ ئەوەی جگەرگۆشەکانتان خۆشەویستی و هاوبەستەبونی خێزانییان بۆتان هەبێت.
٢. رۆژانە کاتێکی دیاریکراوتان هەبێت کە بەخۆشی و شادی و بە قسەی خۆش و بە پێکەنین لەگەڵ منداڵەکاتان بە سەربەرن. فێری هەندێک بەهرە و شارەزاییان بکەن. یاریش فەرامۆش مەکەن، پێویستییەکی گرنگی منداڵانە و شێوازێکی ئاسانی پەروەردەییە.
٣. منداڵەکانتان فێربکەن راست لە هەڵە، باش لە خراپ جیابکەنەوە. فێری بەها جوانەکان و بنەما رەوشتییەکانیان بکەن، تا لە منداڵییەوە خویان پێوەبگرن.
٤. رێزگرتنی دولایی لە نێوان خێزاندا زۆر گرنگە، پێویستە هەمو ئەندامانی خێزان، گەورە و بچوک رێز لە یەکتری بگرن و روحی لێبوردەیی باڵبکێشێ بەسەریاندا.
٥. مافێکی رەوای منداڵانە کە بە ئازادی گوزارشت لە را و بۆچونەکانیان بکەن، بە تایبەتیش لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە خودی خۆیانەوە هەیە. پێویستە دایکان و باوکان رێز لە راکانیان بگرن و گوێیانیان لێبگرن و لێیان تێبگەن و گرنگییان پێبدەن.
٦. پێویست ئێوەی دایکان و باوکان بە هەڵە وەڵامی هەڵەکانی منداڵەکانتان نەدەنەوە. ئەگەر هەڵەیان کرد، بواریان بدەنێ با بیربکەنەوە و خۆیان هەڵەکانیان راست بکەنەوە.
٧. دەرەوەی ماڵ، یان کۆڵان، کاریگەریان لەسەر منداڵەکانتان دەبێت، دەشێت فشارێکی زیاتریش بخەنە سەر ئێوەی دایکان و باوکان، چونکە لە سنوری دەرەوەی ماڵ وخێزان، پەروەردە و رەفتاری جیاواز هەن، بۆیە پێویستە بە باشی چاودێرییان بکەن.
٨. پێویستە ئێوەی دایکان و باوکان، لە پەروەردەکردنی دروستی منداڵەکانتان هاوڕا و هاوپلان و هاوبڕیار بن. پێویستیشە هەندێک یاسای ئاسانی سنورداری خێزانیش بۆ منداڵەکانتان دابنێن، با وا تێنەگەن کە ئازادی بەرەڵاییە و بێ لێپێچینەوەیە. ناشبێت لەبەردەم کەسانی تردا، سزای منداڵەکانتان بدەن، ناشبێت زەبر و توندوتیژی لە گەڵ منداڵەکانتان بەکاربهێنن. هەروەک بە وشەی نەشیاویش هەستیان بریندار مەکەن.
٩. منداڵەکانتان وا فێربکەن کە راستییەکان چەند رویەکیان هەیە. پێویستە رێز لە هەمو رایەک بگیرێت گەر جیاوازیشبن لەگەڵ راکانیاندا، مافی هەر مرۆڤێکە کە بە ئازادی گوزارشت لە را و سەرنج و بۆچونەکانی خۆی بکات.
١٠. هاندان و ستایش و پیزانین و پاداشت و خەڵاتکردن، بە زاری بن یا بە ماددی، کاریگەریی ئەرێنییان بۆ منداڵەکانتان هەیە، کە منداڵەکانتان کاری باش ئەنجام دەدەن یا نمرەی بەرز لە وانەکانیاندا بەدەستدەهێنن، یا رەفتارێکی جوان دەنوێنن، شایەنی ئەوەن کە ئاماژەیان پێبدەن و پێزانینتان بۆیان هەبێت و رێزیان لێبگرن.
گەلێک شێوازی هاندان و پێزانین هەن، وەکو: ماچیان بکەن، چەپڵەیان بۆ لێبدەن، یان بە وشەگەلێکی جوانی وەکو: (هەی ئافەرین، دەستخۆش، هەربژی، نایابە، زۆر جوانە و...هتد) ستایشیان بکەن، یاخود خەڵاتێکی ماددییان پێشکەشبکەن وەکو: (نوقڵ، یاری، جلێکی جوان و ... هتد).
١١. زۆر پێویستە کە ئێوەی دایکان و باوکان هەردەم پێشەنگ و نمونەی باش بن بۆ منداڵەکانتان، چونکە منداڵەکانتان بە زۆری چاو لە ئێوە دەکەن و لاسایی کار و رەفتار و هەڵسوکەوت و قسەکانی ئێوە دەکەنەوە، ئیتر بە باشی بێت یان بە خراپی، وەکو کورد دەڵێت: «گەورە ئاو دەڕێژێ و بچوک پێی تێدەخات».

# ژن و جوانی..



■ هەنار موفتی

> هەمومان جوانیمان بەلاوە گرنگە، بەڵام چ جۆرە جوانیەک؟

**جوانی دیاریەکی بە نرخە بۆ هەر کەسێک، مایەی هەست کردنە بە ئاسودەیی و ئارامی. کەسمان نیە جوانیمان بەلاوە گرنگ نەبێت، بەڵام کامە و چ جۆرە جوانیەک؟**

بۆ ژن، جوانی بابەتێکی زۆر گرنگ و هەستیاریشە، هەڵقوڵاوە لە ئاشتی و ئارامی و پاکی ناخی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەت بە تایبەتی و بڕوا و باوەڕبەخۆکردنە بۆ ئەو جەستەیەی کە پارێزگاری لە تەندروستی و رێکی دەکەین.
جوانی ئەگەرچی بابەتێکی رێژەییە، بەڵام هۆیەکە بۆ بەردەوامی بەختیاری هەمو مرۆڤێک، دیارە پێناسە و پێوانەکانیش بۆ جوانی جۆراوجۆر و جیاوازن و ناتوانین لە یەک گۆشەدا کورتی بکەینەوە، بەڵام ئەم بابەتە بەوپێیەی گرنگیەکی زۆری دەبێت لە ژیان دا، هەربۆیە پەیوەندیەکی تاڕادەیەک راستەوخۆی هەیە بەکێشەی جۆربەجۆرەکان لە ناو هەمو کۆمەڵگایەک دا.
پێشکەوتنی رەوڕەوەی ژیان و هاتنە ئارای رۆڵی زیاتری ژنان، ئەوەمان پێدەڵێن کە جوانی روخسار بەتەنیا بەس نیە، چونکە ژنی سەردەم دەبێت لەپاڵ جوانی روخسار و دەرەوەیشی دا، ناخ و تێفکرین و بیرکردنەوەیشی جوان بێت، ئەگەرچی لە دونیادا هەڵمەتێکی چڕ هەیە کە تەنها تەرکیز لەسەر جوانی روخسار و لەشولار دەکاتەوە، بەڵام ئەمانە بابەتی ساکار و تێپەڕن.
گرنگە لە پاڵ جوانی و پێدراوە سروشتیەکانی روخسار و جەستەدا، ژن هەوڵ بدات خۆی رۆشنبیر بکات و خاوەنی خەون و ورە و تێڕوانینی بەرز بێت بۆ ژیان، چونکە هەمو ئەوانە بەیەکەوە بەشێکین لە جوانیەکانی ژن. جوانی ناخ و فیکر، جیاناکرێنەوە لەجوانی روخسار و دیمەنی دەرەوەی، بۆیە هەمو ئەمانە لە هۆکارە گرنگەکانی بەهێزبونی کەسێتی و جوان دەرکەوتنی مرۆڤەکانن.
جوانی تەنیا ئەوە نیە کەوا مرۆڤ غەرقی ساتێکی تێپەڕی خۆشی بەهۆی روخسار و جەستەیەکی جوانەوە دەکات، بەڵکو ژنی جوان ئەو ژنەیە کەوا خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و خوڕەوشتێکی بەرزو رویەکی گەشی پڕ لە خەندە و فیکرێکی پڕ و سەرنجڕاکێش بێت.
جوانی روخسار ئەگەر لەتەمەنێکدا زۆر مایەی گرنگیپێدان بێت، ئەوا دواتر و کاتێک مرۆڤ دەچێتە ناو ساڵانەوە و پیری بەرۆکی پێدەگرێت، هێدی هێدی کەمدەکات و دادەشکێت، وەک لە کوردەواریی دا دەوترێت «جوانی تا سەر نیە»، بە دڵنیایەوە هیچ جوانیەک وەک خۆی نامێنێت، دۆخی ژیان و ئەو ناڕەحەتی و ژینگە کۆمەڵایەتی و ژیانیەی کە بەسەر ژنان دا دێت، کاریگەری تەواویان هەیە لەم روەوە.
پاش تێپەڕینی ساڵانیش و کاتێک جوانی روخسار وردەوردە چۆک دادەدات لەبەرامبەر چەپۆکی رۆژگار، کاتێک پیری لۆچ دەخاتە ئەو پێستەی جاران جوان و سفت و ساف بو، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە تاچەند جوانیەکەی ناخت پاراستوە؟ تاچەند واتکردوە لە ناوەوەڕا، لە هزر و بیرکردنەوەت دا پارێزگاریی لە جوانیەکەت بکەیت؟
بۆیە کاتێک گرنگیی بە جوانی روخسار و دەرەوەت دەدەی کە بابەتێکی تێپەڕی کاتیە، ئەوەشت لەبیر بێت کە جوانی ناوەوە پشتگوێ نەخەیت کە گەوهەرێکی جاوید و نەمر و نەبڕاوەی تۆ و کەسێتی تۆیە.



# «حاشور» چیە و سود و زیانەکانی چین؟



■ نەوژین، خۆشبین جەلال

**تادێت شێوازەکانی جوانکاریی بەگشتی و جوانکاری پێست و روخسار پەرەدەسێنێت، ماوەیەکیشە شێوازێکی تری جوانکاری برەوی پەیدا کردوە کە بە (حاشور) ناودەبرێت، ئەم شێوازە ئەگەرچی ژنان پەنای بۆ دەبەن، بەڵام شارەزایان هۆشداریی لەبارەوە دەدەن.**

حاشور بریتیە لە پرۆسەی هێڵکاریی و تۆخکردنەوەی برۆ، ئەویش لەرێگەی دەرزیەوە دەکرێت کە بە هێڵێک بەسەر برۆدا دەکێشرێت و دوای چەند جەلسەیەک شوێنی برۆی کەسەکە رەنگدار دەکات.

ئەو ژنانەی ئەم جوانکاریەیان کردوە، رایان جیاوازە لەبارەی سودەکانی، هەیە پێی باشە و هەشە رایدەگەیەنێت کە مەترسی لەسەر ژیانی دروست کردوە.

مهاباد محەمەد، ٤٥ساڵ، یەکێکە لەو ژنانەی حاشوری کردوە. وتی: بێئاگا بوم لەو زیانانەی لەحاشوردا هەیە، بەتایبەت بۆ کەسێکی وەکو من کە نەخۆشی شەکرەم هەیە، بەو هۆیەوە چەندینجار سەردانی پزیشکم کردوە بۆ لابردنی حاشورەکە.

ئەو پێیوایە خۆشبەخت بوە، بەوەی حاشورەکەی بە یەک چین بۆ کراوە و زو کاڵ بوەتەوە، دەشڵێت: «زۆر پەشیمانم لەکردنی و هەرگیز ئەو هەڵەیە دوبارە ناکەمەوە کەژیانم بخاتە مەترسیەوە».

پرسیار ئەوەیە: زیانەکانی ئەم جوانکارییە چیە و چی وادەکات پزیشکان هۆشداریی بدەن لە ئەنجامدانی؟

د. کەژان عەلی تۆفیق، پزیشکی پسپۆری نەخۆشیەکانی پێست، لەمبارەیەوە دەڵێت: «کردنی حاشور لەلایەن پزیشکەکانەوە رێگە پێ نەدراوە و نابێت ئەنجام بدرێت، بەهۆی ئەوەی زیانی تەندروستی زۆرە و دەبێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی و هەوکردنی پێست و هەندێکجار دروستبونی گرێ، بۆ ئەو کەسانەشی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە وەک شەکرە، دەبێتە هۆی خوێنبەربون».

ئەم وتانە، ژنێکیش جەختی لێکردەوە کە خۆی حاشوری کردوە.

ژیان مەحمود، ٢٧ ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: «دوگیان بوم، جەلسەی یەکەمی حاشورم کرد، پزیشکەکان ئاگاداریان کردمەوە لەخراپی حاشور لەماوەی دوگیانیدا، بەهۆی ئەوەی هۆرمۆنی جەستە گۆڕانی بەسەردا دێت لەماوەی دوگیانیدا، بڕیارم دا وازی لێ بهێنم».

لەبەرامبەریشدا ژنانی دیکە هەن کە حاشوریان کردوە و لێی رازیین و باس لەوە دەکەن زیانی بۆیان نەبوە.

شنە ئازاد، ٢٥ ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: «بەهۆی ئەو ناڕێکیەی لەبرۆمدا هەبو، هەستم بە کەموکورتی و ناتەواویی دەکرد لە روخسارم دا، ئەمەیش زۆر بێزار و ناڕەحەتی کردبوم، بۆیە بڕیارم دا حاشور بکەم، وا دو ساڵە کردومە تا ئێستا کاڵ نەبوەتەوە و سودێکی زۆری پێ بەخشیوم».

> ئەوانەی حاشوریان کردوە، رایان جیاوازە لەبارەی سودەکانی

حاشور لە سەنتەر و ئارایشتگاکان دا ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەنجامدانیشی چەند مەرجێک هەیە، دیارترینیان ئەوەیە نابێت تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵەوە بێت و نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت. سەرباری ئەمانەش، سەرکەوتنی پرۆسەکە بەندە بە جۆری پێستەکەوە.

شەوبۆ کەریم، ٢٣ ساڵ، یەکێکە لەوانەی لە ساڵێکدا ٤ جار حاشوری کردوە، بەڵام هێشتا لێی رازیی نیە «بەهۆی ئەوەی پێستم چەورە، رەنگەکە نایگرێت و بۆیەکەی لێ دەبێتەوە، بۆیە ئێستا دەمەوێت چەند جارێکی تریش تاقی بکەمەوە تا پێستم بیگرێت».

د. کەژان، جەختی لە بونی ئەم حاڵەتە کردەوە و وتی: ژنانێکی زۆر رومان لێدەکەن کە حاشورەکەیان بەدڵ نیە یان ئاگادار کراونەتەوە لە زیانەکانی، دەیانەوێت چارەسەریان بکەین و بە لەیزەر لایبدەین.

# ئاکامە وێرانکەرەکانی توندوتیژیی لەسەر تەندروستی ژنان

■ د. محەمەد ئەلعوبەیدی

**توندوتیژی دژ بە ژنان بەیەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی برینداربون یان پەککەوتنی هەمو یان بەشێکی جەستە دێتە هەژمار لە زۆر ناوچەی جیهان دا، ئەمە سەرباری ئەو کاریگەریی و لێکەوتانەی کە دەیبێت لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەرونی و سێکسی و منداڵبون دا. توندوتیژی کاریگەری و دەرهاویشتەی دورمەودای دەبێت چ لەسەر ئەو ژنانەی روبەڕوی دەبنەوە، یان لەسەر منداڵ و کۆرپەکانیان.**

من لێرەدا جەخت لە کاریگەرییە تەندورستیەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکەمەوە، چونکە ئێستا لە جیهاندا توندوتیژی یەکێکە لە کێشە تەندروستیە گەورەکان، بەشێوەیەک کە ئامارە جیهانیەکان ئاماژە بەوەدەکەن ٣٥٪ی ژنانی جیهان روبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە لەسەر دەستی هاوسەر و هاوژین یان کەسانی تر.

ئەم حاڵەتە، کاریگەریی زۆر بەسەر لایەنی تەندروستی ژنانەوە بەجێدێڵیت و کێشەی زۆری جەستەیی و دەرونی و سێکسی بۆ دروست دەکات، لەپاڵ کارگەریی دانان لە تەندروستی منداڵبون و کۆرپە.

لێرەدا بە وردیی ئەو مەترسی و کاریگەرییانە باس دەکەین، کە توندوتیژی لەسەر تەندروستی ژنان دروستی دەکات:

١. دەبێتە هۆی دەرەنجامی کوژەر، وەکو: کوشتن یان خۆکوشتن.

> توندوتیژیی قوربانیەکە توشی چەندین جۆری نەخۆشی دەکات

٢. دەبێتە هۆی برینداریی. بەپێی ئامارەکان ٤٢٪ی ئەو ژنانەی روبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە لەسەر دەستی هاوسەر و هاوژینەکانیان، توشی برینداریی و پێکران دەبنەوە لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییەدا.

٣. رەنگە بەهۆی ئەو توندوتیژیەوە «بەتایبەتی توندوتیژی سێکسی»، حاڵەتی دوگیانبونی نەویستراو، یان لەبارچونی کۆرپەلە و کێشەی تری پەیوەندیار بە تەندروستی ژنانی لێبکەوێتەوە، هەروەک رەنگە توشی ڤایرۆسی هەندێک نەخۆشی گوازراوە بێت، لەنمونەی «ئەیدز».

بەپێی شیکاریەک لە ساڵی ٢٠١٣ دا، دەرکەوتوە ئەو ژنانەی کە روبەڕوی توندوتیژی جەستەیی یان سێکسی دەبنەوە، ئەگەری توشبونیان بە نەخۆشی ئەیدز ئەوەندە و نیوێک زیاترە لەو ژنانە روبەڕوی ئەم حاڵەتە نەبونەتەوە، هەروەک ئەگەری توشبونیان بە لەبارچون، دو ئەوەندەی ئەو ژنانەیە کە روبەڕوی توندوتیژیەکە نەبونەتەوە.

٤. توندوتیژی لەکاتی دوگیانی دا، ئەگەری لەبارچونی خۆیی منداڵ، یان لەدایکبونی کۆرپەلە بە مردویی، یاخود لەدایکبونی کۆرپەلە بە ناتەواوی یاخود لاوازی کێشی کۆرپەلە، زیاتر دەکات.

٥. رەنگە ئەم توندوتیژیە سەربکێشێت بۆ توشبونی قوربانیەکە بە نەخۆشی و کێشەی دەرونی، وەکو: نەخۆشی خەمۆکی، ماندوبونی زۆر، کەمخەویی و خراپ خەویی، نانەخواردن، کێشەی سۆزداریی و خۆکوشتن. هەروەک بەپێی لێکۆڵینەوەیەک، ئەگەری توشبونی قوربانیانی توندوتیژی بە نەخۆشی خەمۆکی یان ئالودەبون بە خواردنەوە کحولیەکان و مادە هۆشبەرەکان، دوهێندە زیاترە لەوانی تر.

٦. رەنگە کاریگەریی تری تەندروستی لەسەر قوربانیەکە بەجێبێڵێت، لەوانە: توشبون بە ژانەسەر، ئازار لە پشت و سک، ناڕێکی کاری ماسولکەکان، ناڕێکی کاری کۆئەندامی هەرس، کەم جوڵەیی و تێکچونی تەندروستی کەسەکە بەگشتی.

٧. رەنگە توندوتیژی بەتایبەتی لە دەمی منداڵی دا، رۆڵی هەبێت لە زیادبونی ئەگەری توشبون بە جگەرەکێشان و خواردنەوە کحولیەکان و گرتنەبەری رەفتاریی سێکسی مەترسیدار لە قۆناغەکانی دواتری تەمەن دا. هەروەک بەگشتی ئەم توندوتیژیە کاریگەریەکانی بەسەر رەفتاری کەسەکە پاش گەورەبون دەردەکەوێت و دەمێنێتەوە.



سەرچاوە: وێبسایتی (أرفع صوتك)، وەرگێڕانی: نەوژین.



# چایی بۆ بەرەنگاربونەوەی شیرپەنجەی مەمک

■ نەوژین

**زانایانی زانکۆی سانت لویسی ئەمریکی ئاشکرایان کرد کە رەنگە چای ببێتە هۆی راوەستاندنی گەشەی هەمو جۆرە شیرپەنجەیەکی مەمک.**

زانایان لەمیانەی توێژینەوەیەکیان دا، بەدواداچونیان کردوە بۆ کاریگەریی چای سەوز و چای «ئۆلۆنگ» لەسەر شیرپەنجە و لە ئاکامدا بۆیان رون بوەتەوە کە پوختەی ئەو دوچایە دەتوانێت گەشەکردنی خانە شیرپەنجەییەکانی مەمک رابگرن، بەڵام چای رەش ئەو توانایەی نییە.

ئاماژەبان بەوەشکردوە کە بەتایبەت چای (ئۆلۆنگ) دەتوانێت گەشەی خانە پیس و شێرپەنجەییەکان رابگرێت، ئەمەش بە فیعلی لە ناوچەی فۆجیانی چین دەرکەوتوە کە مۆڵگەی چای (ئۆلۆنگ)ە و رێژەی توشبون بە شیرپەنجەی مەمک تیایدا ٣٦٪ کەمترە لەچاو ناوچەکانی دیکە.

ئاماژەیان بەوەشکردوە کە ئەو کەسانەی ئەو جۆرە چایە دەخۆنەوە، رێژەی توشبونیان بە شیرپەنجەی مەمک و زو مردنیان ٦٨٪ کەمترە لەچاو کەسانی دیکە.

ئۆلۆنگ، جۆرە چایەکە کە رەنگەکەی لەنێوان چای سەوز و چای رەش دایە و پێشتریش چەند توێژینەوەیەک باسیان لە سود و گرنگیەکەی کردوە.

# مانا و کێشی ئۆنسەی زێڕ



■ نەوژین،
ئامادەکردنی: سالار حەسەن

**زۆربەی رۆژەکان ئێمە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە کاتێک موتابەعەی نرخی دراو و کانزاکان دەکەین، بەرگوێمان دەکەوێت کە نرخی یەک ئۆنسە زێڕ یان یەک ئۆنسە زیو یان .....هتد، بە ئەوەندە دۆلارە، بەڵام لای زۆربەمانە ناڕونە ئاخۆ ئۆنسە چیە؟ کێشی چەندە؟ ئاخۆ ئۆنسە یەک جۆرە؟**

لێرەدا هەوڵدەدەم بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە.

ئۆنسە، یەکێکە لە پێوانەکانی کێش و بەکاردێت بۆ کۆمەڵێک ماددەی جیاواز و لە هەمانکاتدا «ئۆقیە»شی پێدەوترێت و هێماکەشی لە بازاڕە نێودەوڵەتیەکاندا «OZ»ە .

* ئەسڵی وشەی ئۆنسە:

ئۆنسە لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینیە و لە «Uncia»وە هاتوە لە زمانی کۆنی ئینگلیزیشدا بە «Ynsan» ناوبراوە.

ئۆنسە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی کانزاکان دو جۆر کێشی ئۆنسە هەیە لەسەر ئاستی جیهان:

یەکەم: ئۆنسەی نێودەوڵەتی کە کێشەکەی ٣١, ١٠٣٤٧٦٨ گرامە. ئەوەی کە رۆژانە بەرگوێمان دەکەوێت و بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی زێڕ و زیو و پلاتین و بە ئۆنسەی نێودەوڵەتی ناسراوە.

دوەم: ئۆنسەی مەلەکی کە کێشەکەی ٢٨, ٣٤٩٥٢٣١ گرامە. ئەم جۆرە کێشەی ئۆنسە زیاتر بە ئۆنسەی مەلەکی ناسراوە و بەزۆری لە بریتانیا بەکاردێت، بەڵام لەسەر ئاستی جیهان جۆری یەکەمیان باوترە .

لەپاڵ ئەم دو جۆرەدا چەند جۆرێکی تری ئۆنسە هەیە کە لەسەر ئاستی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی هەرێمی یان پیشەیەک بەکاردەهێنرێن کە بریتین لە:

١. ئۆنسەی دەرمانخانەکان «أونصة الصيدليون»: لە هەمان کاتدا بە ئۆنسەی کیمیاوییەکانیش ناسراوە و هەمان کێشی ئۆنسەی نێودەوڵەتی هەیە.

٢. ئۆنسەی ماریا تیریزا: ئەم جۆرەیان بەکاردێت لە وڵاتانی ئەسیوپیا و ئەریتیریا و چەند دەوڵەتێکی تری ئەوروپی و کێشەکەی ٢٨, ٠٦٦٨ گرامە.

٣. ئۆنسەی ئیسپانی: لە بنەڕەتدا لە ئیسپانیا بەکاردێت و کێشەکەی ٢٨, ٧٥ گرامە.

> دو جۆر کێشی ئۆنسە هەیە لەسەر ئاستی جیهان

# نەوژین، هێزە ئەفسوناوییەکەی کچانی گەرمیان






■ دێکان عەلی*

**گومان لەوەدا نییە رۆژ بەدوای رۆژ کاری رۆژنامەوانی لەبەرەو پێشچونە و لەئێستا بەدەگمەن نەبێت سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان رۆژنامە یاخود گۆڤارێکی تایبەت بەخۆی هەیە.**

رۆژنامەی (نەوژین) لەدەڤەری گەرمیان، یەکێکە لەو رۆژنامانەی کە لەلایەن (رادیۆی دەنگ) بڵاودەکرێتەوە.

جیاوازی ئەم رۆژنامەیە لەوانی تر لەوەدایە، کە بەشێکی زۆری رۆژنامەنوسەکان کچان و ژنانی گەرمیانن، کە سەرجامیان پاش راهێنان و ئاشناکردن بەکاری رۆژنامەوانی، لەوێدا کار دەکەن.

لەم رۆژنامەیەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە، دور کەوتنەوەیە لە تەقلید، واتە کرۆزانەوە بۆ دۆخی ژنان و بڵاوکردنەوەی هەستی نەرێنی، بەپێچەوانەوە ئاماژە بەتوانای ژنان دەکات و پاڵپشتی ژنان و کچان دەکات لەباشتر کردنی دۆخی ژیان و دۆخی کۆمەڵایەتی، ئەویش لە رێگەی بڵاوکردنەوەی راپۆرت لەسەر پێشکەوتن و سەرکەوتنی دۆخی ژنانی گەرمیان، هەروەها دورکەوتنەوە لە هێندە ترساندنی ژنان و کچان کە هێندە بڵێن ژن دۆخی خراپە ژن دەچەوسێندرێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەتەواوی هێزی کاریگەرە لەسەر بەهێزبونی ژنانی گەرمیان.

بەوپێیەی گەرمیان هەڵکەوتەی جوگرافی تاڕادەیەک قورسە تا کچان و ژنان بتوانن کاری تێدابکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەم رۆژنامە هێزێکی ئەفسوناوی لەژنە رۆژنامەنوسەکان دەبینرێت، بەهەموان دەڵێن ئێمەی ژنانی گەرمیان دەتوانین هەمو شت بکەین، هیچ شتێک مەحاڵ نییە.

لە ناوەڕۆکی رۆژنامەکە پەڕەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لێرەدا کەیسەکانی جێندەری و توندوتیژییەکان پشتگوێ نەخراون، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی کەیسەکان، بەڵام هێز و توانای ژنان پشان دەدەن کە چۆن سەرکەوتوبون پاش تێپەڕاندنی دۆخی قورس و گران.

لەکۆتایدا ئەوە دەڵێم کە شانازی بە کچان و ژنانی گەرمیان دەکەم بۆ برەودانیان بەکاری رۆژنامەوانی، بەهیوام هاوڕێ رۆژنامەنوسە کچەکانم لە رۆژنامەی (نەوژین) سەرکەوتو و بەردەوام بن، تا ببنە نمونەیەکی جوان و سەرکەوتوی کاری رۆژنامەوانی.

* فێرخوازی بەشی راگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین.

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)وە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.

رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# توندوتیژیی دژی ژنان لە 4 تابلۆ دا



تابلۆی شێوەکار سۆلاف



تابلۆی شێوەکار دیلان سەلام



تابلۆی شێوەکار نۆشین ئیحسان



تابلۆی شێوەکار دیلان سەلام